# یەکبوون

UNITED KURDISTAN

کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

پووشپەڕی ٢٧١٢ — یەکبوون ژمارە ٢٧ — June : 2012






* ئیرادەی سیاسی و ئاشتی کۆمەڵایەتی ...لاپەڕەی ٢
* ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لە نێوان سێ هاوکێشە دا ... لاپەڕەی ٤
* ژیان دەگەڵ مردن دا .... لاپەڕەی ٥
* پرسی ژن لە خێتابێکی لۆکاڵیەوە بۆ خێتابێکی گەردوونیی ... لاپەڕەی ٧
* دیالۆگ ... لاپەڕەی ٨
* کوردستان لە سەردەمی ڕژێمی حەمە ڕەزا شای پەهلەویدا ... لاپەڕەی ١١

# ئیرادەی سیاسی و ئاشتی کۆمەڵایەتی

رابەر تەئعەت



## ئاشتی کۆمەڵایەتی:

بە سەرنجدان لە مێژووی هزری کۆمەڵایەتی، دەبینین چەمکی پەیمانی کۆمەڵایەتی، هەر لە سۆکرات و ئەفلاتوونەوە تا دەگات بە ( تۆماس هۆبز ١٥٨٨ - ١٦٧٩ )، (جۆن لۆک ١٦٣٢-١٧٠٤ ) و (جان جاک رۆسۆ ١٧١٢ - ١٧٧٨ ) کە هەرسێکیان بە فەیلەسوفانی پەیمانی کۆمەڵایەتی ناسراون، زۆرترین قسەوباسی سەبارەت بە شێوازی رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی لە خۆیدا هەڵگرتووە و یەکێکە لە گرنگترین ئەو تیۆرییانەی کە باس لە قۆناغی گواستنەوەی مرۆڤ دەکەن لە قۆناغی ژیانی بەر لە کۆمەڵگاوە (State of Nature) بۆ قۆناغی ژیانی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا. چونکە ئەگەر مرۆڤ لە قۆناغی ژیانی بەر لە کۆمەڵگادا وەک کائینێکی غەریزی بە تەنها کاری بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی خۆی کردبێت و هەموو کردەیەکی لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بووبێت، ئەوا لە قۆناغی ژیانی کۆمەڵایەتیدا پێویستی بە دەسەڵاتێک و یاسایەک هەیە کە بیپارێزێت و لە هەمان کاتیشدا سنور بۆ کردەوە و رەفتارەکانی دابنێت و لەچوارچێوەی عورف و یاسا دانپیانراوەکاندا نەبێت نەتوانێت رەفتار بکات، ئەمەش لە پێناو گەیشتن بە ئاشتی کۆمەڵایەتی و وەستاندنی (شەڕی هەمووان لەدژی هەمووان)، وەک ئەوەی کە بیرمەندانی چەمکی پەیمانی کۆمەڵایەتی باسیان لێوە کردووە.

چونکە لە قۆناغی بەکۆمەڵگا بووندا، مرۆڤەکان لەسەر بنەمای کۆمەڵێک جیاوازی لەڕووی ئاینی و مەزهەب، پێگەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی، وەزیفە و ئیتنیکەوە بەشداری دەکەن لە پێکهێنانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، لە دۆخێکی بەم شێوەیەشدا جۆرێک لە پەیمانی کۆمەڵایەتی و درککردن بەم ئاڵۆزی و جیاوازییانە، دەتوانێت زەمانەتی پێکەوە ژیان و ئاشتی کۆمەڵایەتی بکات، ئەمەش لە پێناسە جەوهەرییەکەی چەمکی ئاشتی کۆمەڵایەتی نزیکمان دەکاتەوە، بەو مانایەی کە برتییە لە غیابی دیاردە نێگەتیڤەکان لە شێوەی توندوتیژی و سرینەوەی بەرامبەر و ئامادەیی کۆمەڵێک دیاردەی پۆزەتیڤ لە نمونەی سەقامگیری، تەندروستی و گەشەکردن و پێکەوەژیان. لێرەوە دەتوانین هەست بەو نزیکایەتییە بکەین کە لەنێوان هەردوو چەمکەکەدا هەیە ( پەیمانی کۆمەڵایەتی و ئاشتی کۆمەڵایەتی)، چونکە هەموو دەرچوون و لادانێک لە پەیمانی کۆمەڵایەتی، مەترسی لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی دروست دەکات و تەرازووی نێوان لایەنەکان لەڕووی هێز و بەرژەوەندی و تواناییەوە تێکدەدات و لۆژیکی هێز دەکەوێتە کار.

رەهەندەکانی پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتیش جا لە هەر کۆمەڵگایەکدا بێت، هەر بەتەنها پەیوەست نییە بە قۆناغەکانی گەشەکردنی مێژووییەوە، لەنمونەی ئەو گواستنەوەیەی کە پێشتر باسمان کرد، بەڵکو زیاتر پەیوەندی بە ئیرادەی سیاسی کۆمەڵگاکانەوە هەیە. لە نمونەی ئیرادەیەکی سیاسی بەهێز بۆ رێزگرتن لە پلۆرالیزم و قبوڵکردنی جیاوازییەکان، هەروەها ئیرادەی رێزگرتن لە یاسا و سەروەری یاسا و دادگاکان و پابەندبوونی نوخبەی سیاسی و دەسەڵاتداری کۆمەڵگا بە حوکمەکانی یاسا و رێزگرتن لە یەکسانی نێوان تاکەکان لەڕووی ئەرک و مافەوە و کارکردن بەو باوەڕەی کە دەبێت هەموو کەس لەبەردەم یاسادا وەک یەک چاوی لێبکرێت، پۆلیس و دامودەزگاکانی جێبەجێکردن دەبێت بڕیاری دادگاکان بەهەند وەربگرن و دەستکراوە بن لە راپێچکردنی هەر داواکراوێک بۆ بەردەمی دادگا لەکات و ماوەی دیاریکراوی خۆیدا، هەروەک چۆن پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی پێویستی بە دەسەڵاتێکی کراوە و دیموکراتی هەیە، کە بتوانێت درک بە پێداویستی و گۆڕانکارییەکانی سەردەمەکەی خۆی بکات و وڵامدەرەوەی خواستەکانی جەماوەرەکەی خۆی بێت و رێز لە ئازادییەکان بگرێت. لەڕووی حوکم و بەڕێوەبردنیشەوە، پێویستە دەسەڵات لەپێناو پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتیدا، خاوەنی ئیرادەیەکی سیاسی بەهێز بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ناعەدالەتی و بەهەدەردانی موڵک و سامانی گشتی و بەشێوەیەکی شەفاف فەرمانڕەوایی بکات، هەروەها هەمان ئیرادەی سیاسی پێویستە بۆ فراوانکردنی بوارەکانی بەشداری سیاسی و رەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو تاکێک بەبێ جیاوازی، تا بەویستی خۆی بەشداری سیاسی بکات و هەست بە هاوڵاتیبوونی خۆی بکات. ئەمانە مەرجی سەرەکین بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی، جا لە هەر کۆمەڵگایەکدا بێت و ئاستی گەشەکردنی هەر جۆرێک بێت، لە نەبوونی هەموو ئەو مەرج و پێداویستییانەش کە باسمانکرد، هاتنەدی ئاشتی کۆمەڵایەتی مەحاڵە و هیچ پاساوێک نیە بۆ خۆدزینەوە لەمانە، مەگەر دەسەڵاتێک بەتەنها لە رێگای سەرکوتکردنەوە بتوانێت ئەمە وەدی بهێنێت، کە ئەمەش ئاشتییەکی درۆینە و تەنها سڕکردنی دۆخێکی شێواوە کە لەهەر ئان و ساتێکدا ئەگەری تەقینەوەی زۆر بەهێزی لێ دەکرێت. نمونەشمان بۆ ئەمە، شێوازی مامەڵەکردنی دەسەڵاتدارە عەرەبەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لەگەڵ خەڵکەکەی خۆیاندا، کە زیاتر لە نیو سەدەیە بە زەبری هێز کۆمەڵگا کۆنترۆڵ دەکەن و بە تەنها دروشمی بریقەدار دەرخواردی خەڵکی خۆیان دەدەن و خۆیان بە پارێزەری بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتیمان دەزانن، هەروەک چۆن دەبینین ئێستا بەبەرچاوی جیهانەوە خەڵک لەسەر کورسییەکانەوە دەیانهێننە خوارەوە و رووبەڕووی قەفەسی دادگایان دەکەنەوە، خەڵکی ئەو کۆمەڵگایانەش دەگەنە ئەو باوەڕەی کە نە لەسەردەمی حوکمییان و نە ئێستاش دوای رووخانیان، شتێک نەبووە و نییە بەناوی ئاشتی کۆمەڵایەتی، چونکە شتێک لەشێوەی پەیمانی کۆمەڵایەتی یان سیستەم ئەگەر بۆماوەیەکی کاتیش بێت بوونی خۆی لەدەست دەدات و ململانێی هێز لەسەر بنەمای ناسنامە و بەرژەوەندی جێگای دەگرێتەوە، ئەمەش مرۆڤەکانی ئەم کۆمەڵگایانە دەگێڕێتەوە بۆ قۆناغی بەر لە بەکۆمەڵگا بوون. ئەوەی لە عێراقی دوای رووخانی سەدام لە ٢٠٠٣ دا روویدا، نمونەیەکی بەرجەستەیە بۆ وەسفکردنی ئەم حاڵەتە، کە ئەگەر ناچار بین ناوێکی بۆ هەڵبژێرین، ئەوا دەتوانین ناوی بنێین قۆناغی هەڵوەشاندنەوە و لێکدووركەوتنەوەی ناسنامە و ئاژاوەیەکی سەرەڕۆ.

## هەرێمی کوردستان، ئیرادەی سیاسی و ئاشتی کۆمەڵایەتی:

ئەنجامدانی یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی (١٩٩٢) لە سایەی ئیدارەیەکی نیمچە سەربەخۆی کوردیدا، دوای زیاتر لە سەدەیەک لە خەباتی شاخ و بەرگریکردن لە شوناسی کوردبوون، قۆناغێکی تازەبوو بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت و گرەوێکی سەخت بوو لەبەردەم نوخبەیەکی سیاسی تا ئەوکات شاخ نشیندا، چونکە بۆ مرۆڤی کورد هەڵبژاردن وەرچەرخانێکی گەورەی لە شوناسیدا پێکهێنا و لە بوونێکی پاسیڤەوە کە تا ئەو کاتە تەنها ئامانجی پاراستنی شوناسە نەتەوەییەکەیی و زمان و کلتورەکەی بوو، کردی بە بوونێکی ئەکتیڤ کە بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا بکات و لە سایەی خاک و شار و دەسەڵاتێکی خۆییدا بەرەوە هاوڵاتیبوون هەنگاو بنێت و لە چوارچێوەی بازنەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێدا، بیرۆکە و خواستی مافی مەدەنی و سیاسی لای گەشە بکات و ئینتیمای لا دروست بێت. بۆ

نوخبەی سیاسیش بەهەمان شێوە وەرچەرخانێکی گەورە بوو، چونکە دەبوو ئیتر لە چوارچێوەی شار و فرەیی و کەڵەکەبوونێکی کۆمەڵایەتی فراوان و بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی سەبارەت بە نەتەوە، خۆی بۆ بونیادنانی دامودەزگای یاسایی دەوڵەت و ئیدارەی ناوچەیەکی ئازادکراو ئامادە بکات. بەڵام ئایا خەڵک و نوخبەی سیاسی کوردستان، توانیان لە بەدیهێنانی ئاشتی کۆمەڵایەتیدا سەرکەوتوو بن؟ جا ئەگەر بێت و ئاشتی کۆمەڵایەتی هەروەک لە پێشوودا باسمانکرد، نەبوونی توندوتیژی و قبوڵکردنی بەرامبەر و سەروەری یاسا و یەکسانی و دژایەتیکردنی گەندەڵی بگرێتەوە، ئەوە بێگومان وڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە دەبێت بە نەخێر.

چونکە ئیرادەی سیاسی هێز و لایەنەکانی کوردستان، نەیتوانی بگاتە ئەو ئاستەی کە فرەیی و جیاوازی قبوڵ بکات و رێگە لە بەرپابوونی توندوتیژی بگرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، کوردستان بوو بە گۆرەپانی ململانێی دوو هێزی دەسەڵاتخواز و بەرژەوەندیخوازی وەک پارتی و یەکێتی و لۆژیکی ململانێ و زاڵبوونی هێز، کۆمەڵگای کوردی بەتاڵ کردەوە لە هەر جۆرە پەیمانێکی کۆمەڵایەتی و عورف و یاساکانی پێکەوەژیان، لۆژیکی سڕینەوەی بەرامبەر سنوورەکانی هەموو جۆرە عورف و یاسایەکی کۆمەڵایەتی نوسراو و نەنوسراوی تێپەڕاند و ئاژاوە باڵی بەسەر فەزای ژیانی کۆمەڵایەتیدا کێشا. لەدوای کاڵبوونەوەی توندوتیژییەکان و خوێنبەربوونیش، گەندەڵی ئیداری و نایەکسانی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و پێشێلکردنی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا، تا گەیشتن بەم ئان و ساتەی ئێستا، رێگر بووە لەبەردەم هاتنەدی ئاشتی کۆمەڵایەتی و کاملبوونی پرۆسەی هاوڵاتیبوون و ئینتیما لەلای تاکی کورد.

لێرەوە چەمکێکی تر دێتە ناو فەرهەنگی سیاسی کوردستانەوە کە پەیوەندی و نزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ چەمکی ئاشتی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەویش بریتییە لە بەرژەوەندی نیشتیمانی و ئاسایشی نەتەوەیی، دیارە لەڕووی تیۆرییەوە ئەم دوو چەمکە بایەخێکی زۆریان بۆ دەوڵەت و کۆمەڵگا هەیە و هەموو لایەنەکانی وەک: جوگرافیا و ئابووری و سیاسەتی دەرەوە و پرسە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها کلتور و مێژوو و زمانیش دەگرێتەوە و بۆ هەریەکەشیان پێویستە لەسەر دەوڵەت و هێزە کۆمەڵایەتییەکانی دەرەوەی دەوڵەت و تەنانەت هاوڵاتییەکی ئاسایش پێویستە کە پارێزگارییان لێ بکەن. بەڵام بۆ حاڵی هەرێمی کوردستان، کۆمەڵێک پرسیار سەبارەت بەم پرسە دێتە پێشەوە، لەوانە: ئایا لە قۆناغی ئێستای هەرێمی کوردستاندا گوتاری بەرژەوەندی نیشتیمانی شتێکە لەلایەن دامودەزگاکانی حکومەت و پەرلەمانەوە باسی لێوە دەکرێت، یان بە تەنها لە چوارچێوەی دیسکۆرسێکی حزبی و بنەماڵەییدا دەخولێتەوە؟ ئایا ئەم چەمکە بۆ هاوڵاتی کورد چی دەگەیێنێت، لەکاتێکدا هێشتا پرۆسەی بە هاوڵاتیبوون بە قۆناغی تەکامولبوون نەگەیشتووە؟ پێوەرەکانی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندی نیشتیمانی کامانەن و مەرجەعییەتی ئەم چەمکە لە کوێدایە؟ لە چوارچێوەی دەوڵەتەکاندا، دەزگایەکی وەک پەرلەمان شوێنێکە بۆ باسکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە، ئایا لە هەرێمی کوردستاندا رۆڵی ئەم دەزگایە لە فۆرمۆلەکردنی پرسێکی هاوشێوەدا چییە؟ ئەمانە کۆمەڵێک پرسیارن لەچوارچێوەی ئەم بابەتەدا هەوڵ دەدەین بۆ وڵامەکانیان بگەڕێین.

وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە عێراق و هەرێمی کوردستانیشەوە، بەهۆی کەم ئەزموونیانەوە لە بواری ژیانی دیموکراسی و پەرلەمانی و هەڵبژاردندا، بەهۆی دەسەڵاتی تاک حزبی و تۆتالیتارییەوە باجێکی زۆری ئەم چەمکەیان داوە و لەسەر حسابی ئازادییەکانی کۆمەڵگا و پاراستنی بەرژەوەندی نیشتیمانی، دەسەڵات وەک نەریتی هەمیشەیی خۆی کاری بە یاسای لەناکاو و سەرکوتکردن و لەناوبردنی جیاوازییەکان کردووە، بۆیە پێناسەکردنەوە و ناساندنی ئەم چەمکە هەر بەتەنها لەسەر ئاستی گوتاردا ناتوانێت ئامانجی خۆی بپێکێت، ئەگەر بێت و بەشێوەیەکی سیستماتیک و لەرێگای دامودەزگای تەشریعی و پەروەردەیی و کلتورییەوە کاری لەسەر نەکرێت و فەزای گشتی کە رێکخراوە ناحکومییەکان وەک پردێک لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا پێکیدەهێنن، چالاک و ئەکتیڤ نەکرێت. بۆیە پێویستە گوتاری بەرژەوەندی نیشتیمانی لەسەر ئاستی دەسەڵات و دەوڵەتەوە، یان بابڵێین لە نوکی هەرەمەکەوە دابەزێتە بەشی ژێرەوەی هەرەمەکە و بەشێوەیەکی ئاسۆیی خۆی بەرهەم بهێنێتەوە نەک ستوونی.

چونکە ئەگەر مافی قسەکردن دەربارەی ئەم چەمکە بەتەنها بوو بە موڵکی لایەنێک، ئەوا بۆی هەیە هەموو کۆمەڵگا و هێزە جیاوازەکانی ناوی لەسەری دادگایی بکات و دەسەلاتدارێتی رەها سەر هەڵبدات و ئاشتی کۆمەڵایەتیش بکەوێتە مەترسییەوە، لەکاتێکدا دەبێت بەرژەوەندی نیشتیمانی هیچ کات خۆی لە ئاشتی کۆمەڵایەتی جیا نەکاتەوە، بگرە دەبێت لە پێناو پاراستنیدا هەوڵ بدات.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، هەردوو چەمکەکە خەریکە روو لە دوو ئاقاری جودا دەکەن، چونکە ئەوەی باس لە بەررژەوەندی باڵای نیشتیمان دەکات و خۆی بە خاوەنی دەزانێت، پەرلەمان و دامودەزگای ئیداری و ناوەندەکانی زمان و لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و حکومی نین، بەڵکو دوو حزبی دەسەڵاتدار و خاوەن سەرمایەن. چونکە هەرچی پەرلەمانی کوردستانە وەک دامەزراوەیەکی یاسادانەر و نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان، نەک هەر نەیتوانیوە رۆڵی یەکێک لە مەرجەعەکانی داڕشتن و دەستنیشانکردنی بەرژەوەندی نیشتیمانی بگێڕێت بەڵکو لە ئاست جێبەجێکردنی سەرەتاییترین وەزیفەکانی خۆشیدا لاوازە و هەژموونی حزب بەسەریدا زاڵە، لەکاتێکدا دەبوو پەرلەمانی کوردستان دوور لە هەر دەستێوەردانێکی حزبی و ئایدۆلۆژی، رۆڵێکی گرنگی لە پاراستن و دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستاندا بگێڕایە. لە هەمانکاتدا ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و پەرەپێدانی زمان و کلتوریش، لە هەرێمی کوردستاندا یان ئەوەتە هەر بوونیان نییە یانیش زۆر لاواز و بێ خەم و پڕۆژەن و حزبە دەسەڵاتدارەکان بۆ ڕازیکردنی دڵی کۆنە ئەندامە خانەنشین کراوەکانی خۆیان بەکاری دەهێنن و بوون بە شوێنی بژێوی خەڵکانێکی دیاریکراو، نمونەشمان بۆ ئەمە ئەوەیە، کە بە هەموو زانکۆکانی کوردستانەوە ساڵانە نەیانتوانیوە ژمارەیەک لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و هەمەلایەن پێشکەش بەناوەندەکانی بڕیار بکەن لە هەرێمی کوردستاندا، بگرە لە گوتاری حزبەکان زیاتر، پڕۆژەیەکی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی نەبووە کە بەشێوەیەکی کۆنکرێتی و زانستی باس لە پرسی جوگرافیا و سنورەکانی هەرێمی کوردستان بکات و نەخشەرێگای ستراتیژی ئابووری ئەم وڵاتە روون بکاتەوە، زمانی کوردی، لەگەڵ بوونی دەیان سەنتەری ئەکادیمی و کۆڕی زانیاری و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی زمانناسی، رۆژ بە رۆژ لە لاوازبوون و پاشەکشەدایە، بەڵگەشمان ئەگەر زۆر دوور نەڕۆین و لافی زمانناسی لێنەدەین، ئەو دەیان هەزار تابلۆی بازرگانی و رێکلام و ناونیشانی شەقام و دامودەزگا و هوتێل و چێشتخانە و دوکانەکانە، کە هەرکەسێک تەنها ئەلف و بێی کوردی بزانێت، شەرم لە خۆی دەکات کە زمانەکەی بەم شێوەیە نوسراوەتەوە! لەوەش زیاتر، دابەشبوون و دوورکەوتنەوەی ناوچەی بادینان و سۆرانە، کە زمانی خوێندنەوە و نووسین لەم دوو دەڤەرە تەواو جیاوازە و کەسیان لە کەسیان حاڵی نابن، نەک هەر ئەوەندەش بەڵکو لە ململانێیەکی توندیشدان لەگەڵ یەکتری. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئەی ئەگەر زمان و ئابووری و جوگرافیا و مێژوو و کەلەپوری کوردستان، پەیوەندی بە ئاسایش و بەرژەوەندی نیشتیمانی و نەتەوەییەوە نەبێت، ئایا چ شتێک بە بەرژەوەندی نیشتیمانی دادەنرێت؟!

کەوابوو لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە بەرژەوەندی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستاندا، لە گوتارێکی حزبی و ئایدۆلۆژی بترازێت، زیاتر هیچ هەوڵێکی دیکەی بۆ نەدراوە و کاری لەسەر نەکراوە. لەوەش ترسانکتر ئەوەیە کە ئەم چەمکە بووە بە دەسکەلای حزبە دەسەڵاتدارەکان و هەموو کات بەسەر زاریانەوەیە، بەوەندەشەوە نەوەستاون بەڵکو هاتوون بۆنە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانی وەک نەورۆز و ئەنفال و هەڵەبجە و راپەڕینیشیان بە ئاڵای زەرد و سەوز رەنگ کردووە و خەریکە کۆمەڵگا و نەوەی نوێی لێ وەڕەس دەکەن، لەدوایشدا تۆمەتی بێ ئینتیمایی و پلانگێڕی دەدەنە پاڵ ئەو بەشەی دیکەی کۆمەڵگا کە بیرکردنەوەی لە ئەوانەوە جیاوازە.

دەرئەنجام، بەباوەڕی ئێمە بەرژەوەندی نیشتیمانی نابێت تەنها وەک گوتارێکی سیاسی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو دەبێت بە کردەوە کاری بۆ بکرێت و لەگەڵ رەوتی بەرەوپێشەوەچوونی مێژوو کار بۆ نوێکردنەوە و جێگیرکردنی بنەماکانی بکرێت، ئەمەش هەر بەتەنها بە چەند لایەنێک یان حکومەتێک ناکرێت، بەڵکو دەبێت هەموو لایەک بە یەکسانی رۆڵیان لەم پرسەدا هەبێت و گرنگی بە رۆڵی پەرلەمان و ناوەندەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی و زمانەوانی بدرێت بۆ ئەوەی ئەرکی سەرشانی خۆیان ئەنجام بدەن. بۆ وەدی هێنانی ئەم ئامانجەش، پێویستە ئیرادەی سیاسی کوردستان پشتگیری تەواوی

یەکبوون
کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

ئەم پرسە بکات و باوەڕی پێی هەبێت، ئیرادەیەکی سیاسی کە بتوانێت ڕووبەڕووی دیاردەکانی گەندەڵی و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و هەژاری بوەستێتەوە و یاسا وەک سەروەر رابگرێت، بەجۆرێک هەموو ئەمانە پێکەوە، دەتوانن ببن بە هەوێنی پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و بەرزراگرتنی بەرژەوەندی نیشتیمانی.

ماڵپەری ڕۆشنگەری

==================================================================

# راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لەنێوان سێ هاوکێشەدا



زێندین مولود*

ماوەیەکە لە هەرێمی کوردستان راگەیاندن و رانەگەیاندنی دەوڵەت بوەتە باسی ناوەندەکانی سیاسی و میدیاو میللی, هەموو تاکێکی ئەو وڵاتەی سەرقاڵ کردووە.
دیارە هیچ گوماتی تێدانیە کە دیاری کردنی مافی چارەنوس مافێکی سروشتی هەموو گەل و نەتەوەیەکە, لەرووی مەبدەئیەوە کاتی خۆی کۆمەڵەی گەلان و نەتەوەیەکگرتوەکانیش لە میساقی خۆیدا دانی پێداناوە. بەڵام ئەو مافە لە واقعدا چۆن دێتە دی ئەوەیان پەیوەندی بە هاوکێشە سیاسیەکانەوە هەیە لە هەرسێ رەهەندی ناوخۆی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی.
لەبەر ئەوە پێویستە پێش هەر بریار دانێکی لەو جۆرە بەرچاومان روون بێت ئایا راگەیاندنی ئەو دەوڵەتە پشتگیری میللی و ناوخۆی لەگەڵە؟ ئایا کاردانەوەی ولاتانی دەوروبەر چیە؟ ئایا ئەو دوو هۆکارە تاچەند لەلایەن وڵاتانی زلهێزەوە پشتگیری ئەکرێن؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە هەوڵ ئەدەین راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لە هەرسێ رەهەندەوە باس بکەین.

یەکەم... **هاوکێشەی ناوخۆیی**.

هاوکێشەی ناوخۆی رەنگە گرنگترین هاوکێشە بێت کە ئەکرێت لە دوو لاوە سەیری بکەین یەکەمیان جوگرافیای هەرێمی کوردستان کە بەرای من خاڵی لاوازی دەوڵەتی کوردی ئەبێت بەهۆی داخرانی و نەبونی پێگەی دەریای, هەرچەندە بەرەپێش چونی هۆکارەکانی پەیوەندیکردن و زانیاری لە رۆڵی جوگرافیایان کەم کردۆتەوە, بەڵام گرنگی خۆی لەدەست نەداوە. بەلام کێشە لێرە ئەوەیە هەر چوار وڵاتی دەوروبەر کێشەی کوردیان هەیە, هەروەها نەگەرانەوەی ئەو شوێنانەی کە بەشێکن لە کوردستان واتە ئەو شوێنانەی کە مادەی 140 ئەیانگرێتەوە. دووەمیان پەیوەندی بە باری سیاسی ناوخۆی هەرێمی کوردستانەوە هەیە, کە ئەگەر سەیری پەیوەندی لایەنی سیاسیەکانو پەیوەندی دەسەڵاتو خەڵک بکەین ئەبینین جۆرێک لە لە ناروونی لەو پەیوەندیانە هەن بەهۆی ئەوەی کە هەر لایەنەو پێی وایە هەموو راستیەکە لای خۆیەتی. لایەنەکان هەوڵ ئەدەن گەمەی سفری لەگەڵ یەکتر بکەن لەجیاتی سازش بۆ یەککردن لەپێناو ئامانجە ستراتیژیەکان, ئەوەش وایکردوە خەڵک بەهۆی ئەو ململانێیە و بونی دیاردەی گەندەڵی و ناعەدالەتی ئامادەی وەکو پێویستی تێدانەبێت بۆ روداوێکی وا گرنگ.
ئەگەر وردتر باسی راگەیاندنی دەوڵەت بکەین دەبێت پێداویستیەکانی بوون بە دەوڵەتمان هەبێت بۆ بنیات نانی دەولەتێکی سەرکەوتو وەکو موئەسەساتی نیشتیمانی کە رێخۆشکەر ئەبێت بۆ تێپەراندنی خیتابی ناوچەگەری بە ئاراستەی خیتابێکی نەتەوەیی کە پێویستیەکی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردییە. من ناڵێم ئێمە موئەسەساتمان نیە بەڵام متمانەی هاوڵاتی بەو موئەسەساتە لاوازە بەهۆی خراپ بەکارهێنانی نەبونەتە دام ودەزگای نەتەوەیی. جگە لەوەش تاکو ئێستا خیتابێکی یەکگرتوو نیە کە هەموو لایەنەکان بەیەک ئاراستە کۆیکاتەوە.
لێرەوە ئەگەر سەیری هاوکێشەی ناوخۆی بکەین بەرای من پێویستی بە هەنگاوی زۆر گەورەیە بۆ ئەوەی لە ئاست گەورەیی روداوێکی وابێت بەهۆی ئالۆزی پەیوەندی سیاسی لایەنەکانو خراپی جیۆپۆلۆتیکی هەرێمی کوردستان.
دووەم...هاوکێشەی ناوچەیی ئەو وڵاتانەی دەوری ئێمەیان داوە وڵاتی ناوچەیی گرنگن و هەمووشیان کێشەی کوردیان هەیەو جگە لەوەش هەر لایەو ئەیەوێت وەکو وڵاتێکی میحوەری گرنگ رۆڵیان لە ئایندەی ئەو ناوچەیە هەبێت.
ئەگەر لە تورکیاوە دەست پێبکەین کە لە دروستبونی دوای روخانی خەلافەتی عوسمانی تاکو ئەمروش ویلایەتی موسڵ لەیادەوریان ئەخولێتەوە, بەتایبەت کە ئێستا تورکیا لەلایەن هێزێکی ئیسلامی میانرەو و لەژێر کاریگەری تیۆرەکەی داود ئۆغلۆ بەرێوە ئەبرێت, کە ئەیانەوێت تورکیا بەشێوازو سیاسەتێکی نوێ خۆی وەکو وڵاتێکی ناوەندی گرنگ نمایش بکاتو چیتر ئەو پردە نەبێت لەجیاتی لایەنەکانی تر شەر بکات, بەڵکو ئەیەوێت خۆی بریار لە داهاتوی خۆی و ناوچەکەش بدات. بێگومان تورکیا بۆ ئێمەش گرنگی خۆی هەیە وەکو دەروازەیەکی گرنگ بەرەو رۆژئاوا بەڵام ئایا پەیوەندی ئێمەو تورکیا لەو ئاستەیە کە لەگەڵ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی بن؟ بێگومان لەو باوەرە دانیم چونکە ئەو پەیوەندیە رەنگە لایەنی ئابوری بەرەو پێش چوبێت بەڵام ناگاتە رادەی ئەوەی ئێمە کاریگەری سیاسی لەرێگەی پەیوەندی ئابوریەوە دروست بکەین لەناوەندی بریاری سیاسی تورکی, لەحاڵەتێکی واشدا بەدوری نازانم هێزی سەربازی بەکاربێنێت بەهۆی کێشەی کەرکوکو تورکمانەکان و سونەی عێراق کە هەردوو لایان زۆر لە تورکیاوە نزیکن.
ئەگەر سەیری ئێرانیش بکەین بەهەمان شێوە وڵاتێکی کرنگی ئەو ناوچەیەو هەوڵ ئەدات لەرێگەی جۆراو جۆر هەیمەنەی خۆی بسەپێنێت جا لەرێگەی هاوپەیمانەکانی یاخود دەستوەردان لەکاروباری وڵاتانی ترەوە بێت. لەگەڵ ئەوەش کە ئەو وڵاتە کۆمەڵێ کێشەی ناوخۆی و نێودەوڵەتی هەیە, بەڵام لە هەموو روداوەکانی ناوچەکەش قسەی خۆی هەیە هەروەکو خۆشیان ئەڵێن دواقسەش لە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەبێت خۆیان بیکەن.
ئێران بەشێوەیەکی گشتی پشتگیری لە شیعەکانی عێراق ئەکاتو هیچ گومانی تێدانیە کە لەگەڵ تورکیا مێژوویەکی دوورو درێژیان هەیە لە ململانی لەسەر رۆڵی میحوەریان لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بەڵام بەدوور نازانرێت هەردوو لایان لەگەڵ لایەنەکانی تری عەرەبیش پێکەوە هەوڵ بدەن پرۆسەی دەوڵەتی کوردی لە باشوری کوردستان لەبار ببرێت لەکاتی راگەیاندنیدا. هەرچەندە وڵاتە عەرەبیەکان ئێستا

بەهۆی بەهاری عەرەبی سەرقاڵی ناوخۆی وڵاتەکانیانن بەتایبەت سوریا, بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبەر چاوبێت کە ئێستا وڵاتانی سعودیە لەلایەکو هەروەها قەتەریش سەرەڵرای بچوکی قەبارەکەی نابێت ڕۆڵیان لە پشتگیری سوننەکانی عێراق هاوهەڵوێستیان لەگەڵ تورکیاو کاریگەریان لەسەر ناوەندە نێودەوڵەتیەکان بەهەند وەرنەگیرێت لە ئاڵوگۆڕێکی وا گەورە لە جوگرافیای سیاسی ناوچەکە. ئەوەی لێرەشەوە بۆمان روون ئەبێتەوە کە فاکتەری ناوچەیی رەنگە بەهیچ شێوەیەک لەبار نەبێت بەپێچەوانەشەوە ناشبێت چاوەری هەڵوێستی ئیجابی بکەین لەوبارەوە لە ئێستاو داهاتوش تەنها خاڵی ئیجابی بەرای من لە هاوکێشەی ناوچەیی هەبێت ئەوەیە ئەو وڵاتانەی کە باسمان کردن لەنێوان خۆیان لەسەر رۆلی میحوەریان کۆمەڵێ کێشەی مەزهەبی و مێژووی قوڵیان لەگەڵ یەک هەیە.

سێیەم... هاوکێشەی نێودەوڵەتی پەیوەندی نیودەوڵەتی تارادەیەکی زۆر لەژێر رۆشنایی پارادایمی بەجیهانیبونەوە لە ئێستاوە شیکردنەوەی بۆ ئەکرێت کە لایەنی ئابوری کۆڵەکەیەکی سەرەکیەتی. بێگومان کە قسە لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەکرێت بابەتەکە زۆر فراوان ئەبێت, بەڵام بۆ بەرچاو رونی پێویستە باسی سیاسەتی ئەمەریکاو رۆژئاوا بکرێت ئایا لەسیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانە بەتایبەت ئەمەریکا شتێک هەیە بەناوی دەوڵەتی کوردی. ئەوەی تاکو ئێستا تێبینی کرابێت لەناوەندە رەسمیەکانی ئەو وڵاتە شتێکی رون نیە کە باسی دەوڵەتی کوردی بکات, بەڵکو ئەوەی هەیە رەنگە ئەوان کورد لە هەرێمی کوردستان بە دۆستی خۆیان بزانن لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵی. وڵاتانی تریش وەکو بەریتانیاو فەرەنسا ئەڵمانیا بەهەمان شێوە. واتە ناوە ناوە دەنگێک هەیە لەناوەندەکانی نارەسمی ئەو وڵاتانە بەڵام ناگاتە کاریگەری لەسەر ناوەندی بریار بەئاشکرا. کە قسە لەسەر بەجیهانیبون ئەکرێت لایەنی ئابوری گرنگی خۆی هەیە ئایا هەرێمی کوردستان ئێستا ناوەندێکی گرنگی ئابوریە بۆ ئەوەی وڵاتانی زلهێز ناچاربن لە راگەیاندنی دەوڵەت بەرگری لێبکەن لەو خاڵەیان رەنگە بەرەوپێشچونێک هەبێت بەڵام ناگاتە ئەو ئاستەی ئێمە ناوەندێکی ئابوری گرنگی ناوچەکە بین کە وڵاتە زلهێزەکان ناچاربن لە پاراستنمان.

ئەوەی لە کۆتاییدا ئەمێنێتەوە رەنگە پرسیارێک بێت ئەی ئەگەر ئەو سێ هاوکێشەیە لەبار نەبن ئایا واز لە راگەیاندنی دەوڵەت بهێنرێت؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە ئەگەر ئێمە چاوەریی ئەوە بکەین کە بەتایبەت هەلومەرج ئەوەندە رەخسابێت بەتایبەتی لە هاوکێشەی ناوچەییو نێودەوڵەتی ئەوە دەوڵەتی کوردی ئەبێتە مەحاڵ. ئەمرۆ فاکتەری یاریدەدەر هەن. بۆ نمونە ئەگەر سەیری شۆرشەکانی بەهاری عەرەبی بکەین ئەبینین فاکتەری ناوخۆی بنەمای شۆرشەکانەو فاکتەری دەرەکی لاوەکیە, واتە ئەگەر لەدوای روخانی دیواری بەرلین عاملی نێودەوڵەتی گرنگی زیاتری هەبووبێت ئەمرۆ شۆرشەکان پێمان ئەڵێن ئەوە ئیرادەی میللەتانن رائەپەرنو ئاراستەی مێژوو ئەگۆرن بە سود وەرگرتن لە هۆکارەکانی پەیوەندیکردنو زانیاری.

لەبەر ئەوە ئێمەش ئەگەر بمانەوێت بەرەو دەوڵەت برۆن پێویستە هەنگاوی یەکەم لەناو هەرێمی کوردستان بێت بە رێکخستنەوەی نێوماڵی کوردی و سازش کردن بۆ یەکترو نەهێشتنی هەندی دیاردەی نابەجی لەناو دام دەزگاکانی حکومەت بە ئاراستەی هەنگاونان بەرەو موئەسەساتی نیشتمانی بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان لەدەوری یەک خیتابی نەتەوەیی کۆبکاتەوەو سەرەنجام فاکتەری ناوخۆی بە دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنو جەماوەر یەک هەڵوێست بن لەبارێکیوادا گومانم نیە کە ئێمە ئەتوانین کاریگەری لەسەر هاوکێشەی نێودەوڵەتی دروست بکەین واتە هاوکێشەی ناوخۆی بە هاوکاری هاوکێشەی نێودەوڵەتی, دەوڵەتی کوردی لە هەرەشەی هاوکێشەی ناوچەیی ئەپارێزێت لەکاتی راگەیاندنیدا لەبارێکی وەک ئەوەی کە رۆژهەڵاتی ناوەراست پێیدا تێپەر ئەبێت.* بەکەلۆریۆس لەیاساو رامیاری.

٢ی مارچی ٢٠١٢

ماڵپەری هاووڵاتی

================================================================================

# ژیان دەگەڵ مردن دا،

ژیان دەگەڵ مردن دا، بیرەوەری کچێکی بریندارى چەکی شیمیایی لە سەردەشت. نووسینی: خوشکی شوانە

ڕۆژی ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦ هیچ کەس بیری لەوە نەدەکردەوە کە ئەو کارەساتە گەورە دژی مرۆییە تووشی شاری جوانی سەردەشت بێ.



هەموو خەڵک دەگەڵ تۆپو بۆمبارانی هەوایی راهاتبوون بەڵام ئەو جارە جیاوازیی هەبوو ئەهریمەنی مەرگ سێبەری بەسەر شاردا کێشا بوو.

من وەک کەسێک کە قوربانی ئەو جینایەتە بووم پێم وایە گێڕانەوەی بیرەوەری ئەو جینایەتە بۆ من مەرهەمێک بێتو خوێنەرانیش دەگەڵ گۆشەیەک لەم جینایەتە دژی مرۆڤایەتیـیە ئاشنا دەکەم.

لەو رۆژە رەشەدا تەنیا دوازدە ساڵانە بووم دەگەڵ دوو برای چووکتر لە خۆم بۆ شت کڕین چووبووینە بازاڕ تاکوو شت بکڕین، ئەوان لە من جیا بوونەوەو چوونە پارکی ناو شار منیش چوومە گۆڕەپانی "سەرچاوێ" کە لە نێوەندی شار دایە، لە ناکاو فرۆکەکان هاتنو شاریان بۆردمان کرد. خەڵک لە ترسان هەر کەسەو بۆ لایەک هەڵدەهات، هیچ کەسێک بیری نەدەکردەوە کە شار بۆردمانی شیمیایی کراوە بەڵام کەم کەم وەدیار کەوت کە شیمیایە و بەو هۆیەوە خەڵک زۆرتر هەراسان بوون و ئاویان بەدەموچاویان دادەکرد. منیش هەرجۆرێک بوو خۆم گەیاندەوە ماڵێ. دیتم بەشێک لە خەڵک بۆ سەر تەپۆڵکەکان هەڵاتوونو بەشێک لە خەڵکیش لە ژێر زەمینەکاندا خۆیان شاردۆتەوە. تەنیا بابم لە ماڵ بوو لە براکانمی پرسی وتم لە من جیا بوونەتەوە، بە خێرایی بۆ دۆزینەوەیان چوو بۆ بازار. بە بابم وت بابە گیان شار بۆمبارانی شیمیایی کراوە

ترسناکە، وتی نا کچم بۆنی باڕووتەو ڕۆیشت ئەو تەواوی شار گەڕابوو بەڵام نەیدیتبوونەوە کاتێک گەڕایەوە زۆر ناراحەت بوو. بەڵام بەخۆشیەوە دوای ماوەیەک ئەوان هاتنەوە. کەم کەم فرمێسک لە چاوانم هاتنە خوارێ وەک ئەوەی کە ئاوریان گرتبێت. چاوم خەریک بوون تاریک دەبوون، حاڵەتی ڕشانەوەم هەبوو و دەکۆخیم پێستیشم کەمێک بلۆقی کردبوو، هەر زوو بابم منی گەیاندە نەخۆشخانە.

نەخۆشخانە وەک سەحرای مەحشەر وابوو پڕ بوو لە بریندارو بەرکەوتە، سێرۆمیان لێ پێوەند کردمو خەریکی چارەسەر کردنم بوون. زۆربەی نەخۆشەکان لە حەساری نەخۆشخانە خەوێنرابوون چونکە ئیمکانات نەبوو ئەو نەخۆشانەی کە وەزعیان خراپتر بوو بۆ شارەکانی دیکەیان ڕادەگواستن. لە دوایی‌دا دەگەڵ بابم گەڕامەوە ماڵێ. نەخۆشیەکەم ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر ئازاری دەدام، دەکرێ بڵێم شار چۆل ببوو، ڕۆژ ڕابرانو خەڵکی شار تووشی کارەساتێک بوون کە ئێوە خوێنەرانی خۆشەویست تا ڕادەیەک لێی ئاگادارنو دووبارەکردنەوەی باش نیە، نزیک بە سەدان شەهید و نزیک بە دەهەزار بریندار.







هاوین ڕابردو کاتی کرانەوەی قوتابخانەکان هاتو منیش چومەوە قوتابخانە بەڵام هەناسە سواریو کۆخەی زۆر ئازاریان دەدام نەمدەتوانی وەرزش بکەم، تەنانەت بەداخەوە کەشی ئەوکات بە جۆرێک بوو کە هێندێک کەس خۆیان لەمن دوور ڕادەگرت و منیش پێم خۆش نەبوو هیچ کەس پێم بڵێ شیمیایی بوویی چونکە ئەو کات خەڵک بە چاوێکی سووک چاویان لەو جۆرە کەسانە دەکرد.

چەند مانگێک لە قوتابخانە ڕابردو منیش هەرچۆنێک بوو دەچومەوە بۆ قوتابخانە بەڵام نەخۆشیەکەم هێندەی ئازار دەدام کە هێزی چوونە قوتابخانەی لێگرتم هێندێک جار لە ڕێگای قوتابخانە بە هۆی هەناسە سواری زۆر هێزی هاتنەوە ماڵەوەم نەبوو کە هاوپۆلییەکانم دەیانهێنامەوە ماڵێ. بەداخەوە کەم دەرامەتیی بابم و خێزانداری هەڵی ئەوەی نەدەدا بە بابم بۆ چارەسەر کردن بۆ شارەکانی دیکەم ببات. بەڵام دواتر بە هەر شێوەیەک بوو هاوکاری هێندێک لە خزمان و دراوسێکان بوو بە هۆی ئەوەی کە بابم من ببات بۆ ورمێ و ماوەیەک لەوێ لەژێر چاوەدێری دا بووم. کەمێک باش ببومەوە بەڵام لە دوای چەند مانگێک دووبارە وەک خۆم لێ هاتەوە.

دوو ساڵو ماوەیەک ڕابردو نەخۆشی ژیانی لە من تاڵ کردبوو، هێندێک جار تەنانەت نەمدەتوانی لە حەساری ماڵی خۆمان را بچمەوە بۆ ژورێ، هێندە هەناسەم سوار دەبوو کە منیان دەبردە لای دوکتۆر. بە هۆی داواکاریی یەکێک لە دوکتۆرەکان بابم بە هەر بەدبەختیەک بوو منی بۆ نەخۆشخانەیەکی تەورێز برد. لە دوای پشکنین دوکتۆر پێی وتم کە شیمیاییم و منیش زۆر گریام و بابیشم وتی دوکتۆری بەرێز مافی ئەوەت نیە قسەی وا بە کچەکەم بڵێی ئەو نەخۆشیەکی دیکەی هەیەو بەهۆی سەرما وای لێهاتووە. دوکتۆر وتی من دوکتۆرم نەک ئێوە و کچەکەت دەبێ ماوەیەک لێرە بمێنێتەوە تاکوو باشتر بێت. لە ماوەی مانگێک دا کە لەوێ بووم کەمێک باشتر ببووم بابم ویستی بمباتەوە سەردەشتێ بەڵام دوکتۆر وتی کە دەبێ ماوەیەکی زۆرتر لێرە بمێنێتەوە. بەڵام من پێم خۆش نەبوو لە شاری غەریب وەمێنم، دەگەڵ بابم گەڕاینەوە بۆ سەردەشت. ویستم درێژە بە خوێندن بدەم بەڵام نەمتوانیو بە ناچاری وازم لە خوێندن هێناو لە هاوپۆلییەکانم جیا بوومەوە. کات وەک هەور ڕادەبرد، من هەروا بەهۆی نەخۆشیەکەمەوە ئازار دەچێژم چەند جاری دیکەش بۆ شارەکانی مەهاباد و ورمێ ڕۆیشتم بەڵام هیچ ئاکامێکی نەبوو.

هاوینی  ساڵی ١٣٧٢ بوو لەگەڵ بنەماڵەکەم بۆ دابین کردنی بژێوی وەکوو خەڵکی کەم دەرامەتی ناوچە چووبووینە کورەخانەی خشت برێ لە "مەرەند". ئاخری هاوین دەگەڵ براکانم کە دەیانویست بچنەوە قوتابخانە ویستم بچمەوە بۆ سەردەشت تا ئەو کات  بۆ هەناسە سواریەکەم کەڵکم لە ئیسپێری (سالبوتامول) وەر دەگرت . هەڵبەت ئێستاش ناتوانم بە بێ ئەو هەناسە هەڵکێشم. لە تەورێز سواری ئوتوبوسی مەهاباد بووین دەخولەک دەبوو کە ئوتوبوسەکە وەرێ کەوتبوو من ویستم کەڵک لە ئیسپیری‌یەکە وەرگرم بەڵام لە ناو تاکسی شار دا لێم بەجێ مابوو. هێندەم فشار بۆ هات کە خەریک بوو دەخنکام براکەم مەسەلەکەی بە شۆفیرەکە وت و پێی وت کە وەگەرێ بەڵام بە قسەی نەکردین، کەم کەم مردنم بەچاوان دیت یەکێک لە موسافیرەکان بە براکەمی وت کە خوشکت چیەتی خەریکە دەمرێ. ئەویش وتی کە هەناسە سواریەتی و ئیسپێریی هەناسەکەی لێ بەجێ ماوە. ئەو ڕۆژە گەورەیی خوام بۆ دەر کەوت چونکە ئەو موسافیرەش نەخۆشیی هەناسە سواری هەبوو ئەو ئیسپیریی هەناسەی پێبوو ئەوی دا بە من و من لە مردن ڕزگارم بوو.

خوێنەری خۆشەویست نامهەوێ بە باس کردنی ئازارەکانی خۆم کە نموونە گەلێکی زۆر بچووک لە کارەساتدیتوانی ئەو شارەن کاتی بە نرخی ئێوە بگرم. هەر ڕۆژ کە بە تەمەنمەوە زیاد دەبێ تووشی نەخۆشی گەلێکی دیکە وەک نارەحەتی دەمار و لاوازی ئێسک بووم و هەمیشە لە ژێر چاوەدێریی دوکتۆر دام کە تەنانەت ناتوانم کارەکانی ماڵەوەش بە تەنیا ڕاپەڕێنم و هاوسەرەکەم هاوکاریم دەکات. ئێستا کە خەریکی نووسینی ئەو بیرەوەریانەم هاوکاتە دەگەڵ ساڵرۆژی بۆمبارانی سەردەشت، دوای ماوەیەک کە لە نەخۆشخانە کەوتبووم ئەمرۆ هاتوومەتەوە ماڵێ. بەڵام ئێستاش کە ئێستایە دوو پرسیار بە تەواوی لە لام بێ وەڵام ماونەتەوە کە بۆ تەنیا ناوچە کوردنشینەکان هێرشی شیمیاییان کرایە سەر؟ و دووهەمیش بۆچی لەدوای تێپەر بوونی ئەو هەموو ساڵە تازە باس و قسە لەو ڕوداوە دەکرێ و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بێدەنگییان لەو کارەساتە دژی مرۆییە کرد.

تێبینی: ئەو بیرەوەری یە لە ١٩ ساڵەی بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت دا نووسراوە.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد

٢٨ی جۆنی ٢٠٠٧

یەکبوون
کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

# پرسی ژن لەخیتابێکی لۆکاڵیەوە بۆ خیتابێکی گەردوونیی

ڤینۆس فایەق

کەسانێک پێیانوایە کێشەی ژن کێشەیەکی وجودیە، بەو مانایەی کە پەیوەندی بەتەنها بەوجودی خۆیەوەیەتی، لەکاتێکدا پرسی ژن پرسێکی مێژوویی و گەردوونیەو پرسێکی وجودیە، بەلام بەو مانایەی



پەیوەستە بەوجودی تەواوی کۆمەڵگاوە هەتا دەگاتە وجودێکی گەردوونی (کەونی). لێرەوە دەبێت قسە لەپرسی ژن بکەین، بەدیدو ئایدیایەکی رەخنەگرانەی گەردوونیەوە، چونکە ئێمە کە قسە لەژن ئەکەین قسە لەژنێکی ناو تەنها خێزانێک یان دانیشتووی گەڕەکێک یان شارێک یان تەنانەت ولاتێک ناکەین، چونکە ئەسڵەن کێشەکە بەتەنها کێشەی تاکێک یان تەنها رەگەزێک نیە، کێشەی سەرتاپای کۆمەڵگایەکی ئینسانیە، لەو مەنزورەوە کە لەسایەی تەکنەلۆژیاو تۆڕی ئینتەرنێتەوە تاکەکان تەنها تاکی کۆمەڵگایەک نین، بەڵکو تاکی کەونێکن کە هەموو مەوداکان لەبەردەمیاندا کورتبۆتەوەو بگرە نەماوە بۆ ئەوەی دەستیان بەهەموو پارچەکانی جیهاندا بکەوێت و ئەوەشە وایکردووە کە دەبێت چاو بەتێگەیشتنمان بۆ ناسنامەی تاک بخشێنینەوە لەسایەی ئەو سیستەمە نوێیەی جیهاندا کە سیستەمی جیهانگیریە، کەئەمەش بابەتێکی ترە قسەی تر هەڵدەگرێت، لەمەشەوە دەبێت تێڕوانینی ژن بۆ بوونی خۆی وەکو ئادەمیزادو وەکو هاوولاتی ئەم کەونە فراونتر بکات و لەخیتابەکانیدا خۆی وەکو ئادەمیزادێکی کەونی بناسێت و بۆ کۆمەڵگای پێناسەبکاتەوەو پیاو ملکەچی خوێندنەوەو تێڕوانینێکی تر بکات بۆ کەسایەتی و بوونی ئینسانیانەی ژن لەسایەی سیستەمی نوێی جیهاندا، کە بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەری قووڵی لەسەر رەوتی بزوتنەوە جیهانیەکانی ژنان و هەڵوێستیان لەمەڕ دۆزەکەیان وەکو دۆزێکی کەونی نەک دۆزی تەنها یەک رەگەز لەناوچەیەکی دابڕاودا داناوە.

## نەک تەنها کوشتنی ژن

ئەوەی دەمەوێت لەم وتارەدا بیڵێم ئەوەیە کە بۆ نموونە قسە لەڕووداوێکی وەکو نەک تەنها کوشتنی ژنێک بەڵکو ئازاردانێکی بچووکی دەروونی ژن دەکەین، ئەگەر بەڕووداوێکی گەردوونی نەزانین ناتوانین رێکخراوێکی جیهانی لێ ئاگاداربکەینەوە، هەروەک دەبێت ژن ئامادەبێت ئەو هوشیاریە بدۆزێتەوە کە چۆن خۆی وەکو قوربانیەکی گەردوونی بناسێت. ئەگەر ئەو ژنەی کە سووکایەتی پێدەکرێت یان ئەشکەنجە دەدرێت یان مافێکی پێشێلدەکرێت بەکائینێکی گەردوونی خۆی پێناسە نەکات و ئێمەش بەو چاوە نەیبینین ناتوانێت ببێتە دۆزێکی ئینسانی کاریگەر بەتێڕوانینێکی فراوان و ئاوڕدانەوەی راستگۆو جیددی جیهانی بۆ دەستبەربکەین بۆ ئەوەی داکۆکی لێبکەین نەک تەنها وەکو رەگەزی ژن بەڵکو وەکو کائینێکی گەردوونی سووکایەتی پێدەکرێت و ئەشکەنجەدەدرێت و کۆتایی بەدرامای ژیانی ژنانی کۆمەڵگاکەمان بهێنین. خودی رۆژنامەنووسەکان کە رووماڵی هەواڵی رووداوێک ئەکەن دەبێت هەر لەم دیدە گەردوونیەوە رووماڵی هەواڵەکانی تایبەت بەدۆزی ژن بکەن بۆ ئەوەی بیکەنە پرسێکی گەردوونی..

ئەم بیرکردنەوە گەردوونیە کە نەک تەنها لەهزری نووسەرو بەدواداچووەکاندا دەبێت چەکەرە بکات و سەرهەڵدات، بەڵکو دەبێت لەناو هزری ژنی قوربانیشدا دروستببێت بۆ ئەوەی ژن خۆی ببێتە داکۆکیکەرو قسەکەر لەدۆزەکەیدا..

## چیدی سووکایەتی پێنەکرێت

هەڵبەتە ئەمانە شیکردنەوە حازرو لەقوتونراوەکانی کۆمەڵگایەو دواجار شێواندنی ئەو راستیەیە کە عەقڵ و بیرکردنەوەو دنیابینی ژن گۆڕدراوەو گەیشتۆتە ئەوەی کە چیدی سووکایەتی و زوڵم و چەوسانەوە لەم سەردەمی سیستەمە نوێیەی جیهاندا جێگەی لێ بێدەنگبوون نیەو قابیلی قوبوڵ نیە.

جاران لەسایەی ئەو بیرکردنەوە سنووردارو دنیابینیە تەسکەی ئادەمیزاددا شتێکی ئاسایی بوو ژن بەو هەلومەرجەی کۆمەڵگای بەسەریدا ئەسەپاند قایل بێت، بۆیە رووداوەکانی کوشتن و خۆکوشتن کەمتربوون، هەروەک ئەو دەمە پرۆسەی هاوسەرگیری وەکو پرۆسەیەکی ژیانی پیرۆز هەموو کۆمەڵگا دەستی هەبوو لەدروستکردنیداو ئەچووە ژێر باری کۆمەڵێ دابونەریت و خورافاتی کۆمەلایەتی و دینیەوەو چارەنووسی ژن هەمیشە لەلایەن ئەوانی ترەوە بۆی دەستنیشان دەکرا، چونکە ئەو دەمە کۆمەڵگا بەپرنسیپی بەکۆمەڵ ژیان و بەکۆمەڵ قەراردان و بەکۆمەڵ سزادان بەڕێوە ئەچوو و دواجار سەروەری بۆ کۆمەڵگاو پیاو بوو، بەلام ئێستا ئەو نۆرمە تەواو گۆڕدراوە، ئێستا لەسایەی سیستەمی نوێی جیهانیدا سەروەری تەنها بۆ تاکەو تەنها خودی تاکیش خۆی بۆی هەیە بڕیار لە چارەنووس و دوارۆژی خۆی بدات، بۆیە دەبینیت رێژەی تەلاقیش بەجۆرێک لەجۆرەکان لەگەڵ فراوانبوونی ئاسۆی بیرکردنەوەو جیهانبینی و تێگەیشتن لەوەی تاک سەروەرەو بۆ ئەوەی سەرودر بێت دەبێت کەرامەتی لەگەڵ شەریکی ژیانیدا پارێزراوبێت زیادی کردووەو، ژنیش لەم هاومێشە کۆمەلایەتیە کەونیە شەریکی سەرەکیە.

## وەکو بوونەوەرێکی بێدەسەلات وێنادەکرێت

ئەوەی کە دۆزی ژنی لەولاتی ئێمە لەدواوە هێشتۆتەوە ئەوەیە تەنانەت ئەو پیاوانەشی باس لەدۆزو کێشەی ژن ئەکەن، بەردەوام ژن وەکو بوونەوەرێکی بێدەسەلات و لەئیرادە داخراو وێنای دەکەن و داوای بەزەیی کۆمەڵگای بۆ دەکەن، کە قسە لەژنەکانی کۆمەڵگا دەکەن هەرگیز ژنێکیان بەخەیاڵدا نایەت کە جێدەستی هەبێت لەبوارێک لەبوارەکاندا، ئەوەشی ناوێکی هەبێت یان ئابڕووی ئەبەن و ریسوای ئەکەن لەچاوی کۆمەڵگادا یان بەبیردۆزی بەهیچ نەزانین پەراوێزی ئەخەن، بەتەنها بۆ ئەوەی بابەتێک هەبێت قسەی لێوە بکەن و بوونەورێک هەبێت لەخۆیان کەمتر جێگەی بەزەیی بێت، ئەمەیە خیتابە نەریتیە لۆکاڵییەکە کە کەسایەتی ژنی سڕیووەتەوەو دۆزەکەی لاوازتر کردووە..

بەشداری پێنەکردنی راستەقینەی ژنان لەسیاسەتداو رێگەنەدان پێیان بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لەبەرقەراربوونی ئاشتی و بڕیاردان لەچارەنووسی سیاسی ولاتەکەیان یەکەمین هۆیە بۆ مانەوەی دۆزی ژن لەو چوارچێوە لۆکاڵیەو فراوان نەبوونی بۆ ئاستی جیهانی و بەرزنەبوونەوەی خیتابەکان بۆ پلەی گەردوونی..

نەک ژن بەڵکو ئادەمیزاد چیدی هاوولاتی شارێک یان ولاتێک نیە، بەڵکو هاوولاتی گەردوونێکە کە دەبێت بەو پێیەش خیتابەکانمان بەو ئاڕاستەیە بن..

/http://www.hewasan.net/ku

# دیالۆگ ...



نیگار عنایەتی

دیالۆگ (**Dialog**) وشەیەکی لێکدراوی لاتینییە و لە دووبەش پێکهاتووە: (**Di**، یانی دوو) و (**Log**، یانی پەیڤین). لەباری قامووسییەوە، دیالۆگ بەواتای وتووێژ دێت کە لەنێوان دوو یان زیاتر لەدوو کەسدا دەتوانێت بکرێت.

نیگار عینایەتی

دیالۆگ مکانیزمی بە ڕێکخستن کردنی کۆمەڵگایە. لێنین لە زۆربەی وتارەکانیدا ئاماژەی بە بەڕێکخستن کردنی کۆمەڵگا دەکات و لەو باوەڕەدا بوو کە بە بەڕێکخستن بوونی کۆمەڵگا، شۆڕشەکان سەردەکەون. بەڵام ڕێزدار عەبدوڵا ئۆجەلان لە سەر وتەکانی لێنین ئاماژە بەوە دەکات کە بەر لە ڕێکخستن کردنی کۆمەڵگا پێوستە کۆمەلگا پەروەردە بکرێت و فۆرمۆلێکی سێ قۆناغی دەست نیشان دەکات، کە پێکهاتووە لە پەروەردە، ڕێکخستن، چالاکی، کە خالێ بنەڕەتیی هەر پەروەردەیەک لە دیالۆگدا تێپەردەبێت.

ئەگەر دیالۆگ و دانوستاندنەکان فراوان نەکرێن و پرەنسیپەکانی دیموکراتی لەکاتی دیالۆگدا بەبنەما نەگیرێن، ئەوا ئەو دیالۆگانە ئاشتییەکی سەقامگیر و گۆڕانکاریی ریشەیی و چاکسازیان لێ ناکەوێتەوە.

## * مێژووی دیالۆگ

کاتێک ئاوڕ لە مێژوو بدرێتەوە، دەردەکەوێت کە قۆناغەکانی تێکهەڵچوونی نەتەوەکان لەسەر هێڵێ هێزی جەستەو باهۆ بوون. ململانێ لەسەر هێزی جەستەیی و کوژرانی مرۆڤ. پێکهەڵپڕژانی پاڵەوان یان سوپاکان. دەکرا پاڵەوانی دوو سوپای دژ بەیەک زۆرانیان بگرتبایەو پاڵەوانی سەرکەوتوو، سوپا و نەتەوەی سەرکەوتووی لێ دەکەوتەوە، پاڵەوانی دۆڕاو ئاکامەکەی دەبووە دۆڕانی سوپاو نەتەوەی دۆڕاو. پاش ئەو قۆناغەی مێژوو قۆناغێکی نوێ هاتە ئاراوە، ئەویش قۆناغی پیشەکاری و ئاکامەکەی شارەستانیەتی پیشەکاریی بوو. ئەم قۆناغەش بەرێژەی خەڵکی زۆرو هێزی کارەوە دەناسرێتەوە. دەکرێت بڵێین کە قۆناغی پیشەکاریی هەمان ڕێرەوی هێزی جەستەیی گرتەبەر کە لە ئاکامی دەستبەسەرداگرتن بەسەر مادەی خاوو داگیرکاریی وڵاتان بەهۆی هێزی سەربازییەوە روویدا. بەڵام قۆناغی حازر بازدانێکی سەیرو سەمەرەی رووەپێشی لەچاو قۆناغەکانی ئاماژەپێکراو هەبوو. دەکرێت ئەم قۆناغە بە قۆناغی کامپیوتێر ناودێر بکرێت کە دەرئەنجامەکەی تەقینەوەی زانیاریی بوو. لەم قۆناغەی ژیانی مرۆڤدا تازەگەری و سودوەرگرتن لە زانایی دەورێکی سەرەکیی دەگێرێت. "تافلێر" سەبارەت بە سەردەمی زانیاریی دەڵێت کە کارێکتەرانی سەرەکیی سەردەمی ناوبراو نووسەران و زانایان و هونەرمەندان و رۆژنامەوانانن کە ئەمەش بەخێرایی و بە گۆڕینەوەی زانیاری و تازەگەری و خزمەتگوزاری و هتد لەنێوان مرۆڤەکاندا پێش دەکەوێت. رووخانی دیوارەکانی زانیاری و گەشەی خێرای پیشەی پێوەندیەکان وادەکات کە "کەس/ لایەن" بیەوێ و نەیەوێ دەکەوێتە نێو پێوەندیەکی تانوپۆئاساوە. لەوەدەچێت تەنیا ڕێگا ئەوە بێت کە بەشێوەیەکی رەسمی "کەس/ لایەن" بکەوێتە نێوان دیالۆگی فەرمی و جێگیرەوە. یان ئەوەی کە بەشێوەی قۆناغە کۆنەکانی مێژوو کە پێشتر باسی هات، هێزی جەستەیی سوپا وەگەڕ بکەوێت. بۆیە بیرکردنەوە لە دیالۆگ و بەکردەوەکردنی دەکرێت لە سەردەمی هەنووکەدا ڕێگایەکی باش بێت. باشترە بگوترێ کە دیالۆگ جۆرێکە لە دەستکەوتی هێز بۆ ئەوەی "کەس / لایەن" لە پێوەندیی تاکرەهەندی و تاک جەمسەری رزگار ببێت و هەنگاو بنێتە نێو پرۆسەی پێوەندیی کارلێکەوە.

بیرمەندان کاتی هاتنەئارای دیالۆگیان بۆ ئەو سەردەمانە گەڕاندۆتەوە کە زمان دروست بوو. ئەوکاتەی کە مرۆڤ هێماکانی بە مەبەستی لێکتێگەیشتن بەکار هێنا و بووە هۆی هاتنەئارای رەوتێک کە دواتر ناوی دیالۆگی بەسەردا برا. بە گەشەسەندن و بەرفرەبوونەوەی کۆمەڵگاکان شێوازی دیالۆگ لەم تاکرەهەندیی خوێندنەوەیە دەرباز بوو و واتای چەند لایەنیی بە خۆیەوە گرت. بەمجۆرە کە دیالۆگ تەنیا بە مانای هێنانەسەر زمانی خواستەکان و پێوەندییەکی سادە نیە. دیالۆگ بابەتێکی زانستی، فەلسەفی، مێژوویی، دیالەکتیکی رۆژانەیە. دیالۆگ بنچینەی دامەزراندنی پێوەندیەکانە، نەک تەنیا لە نێوان مرۆڤەکاندا بەڵکو، لە نێوان مرۆڤ و سروشتیشدا. کەواتە دیالۆگ دەتوانێت بە سیگناڵ، نیشانە، جوڵە و تەنانەت چاو لە چاو کردنێکیش بکرێت.

## * دیالۆگ لە فەلسەفەدا

"ئەرەستوو" فیلوسوفی یونانی ئاماژە بە گرینگیی زانست دەکات و دەڵێ دەبێ دەسەڵات بکەوێتە دەستی ئەو کەسانەی کە خاوەنی زانست و هێزی قسەکردنن. مەبەست لە ئاماژەدان بەم وتەیە گرینگیی هەبوونی توانای قسەکردنە کە چۆن مرۆڤەکان دەتوانن قەناعەت بە یەکتری بهێنن لە نێو هەڤپەیڤینێکدا.

زۆر کەس پێیان وایە کە دیالۆگ تەنیا قسەکردنە لەنێوان دوو کەسدا. بەڵام لە زانستی فەلسەفەدا دیالۆگ تەنیا قسەکردن نییە، لەزۆر بابەتدا جیاوازیی هەیە لەنێوان دیالۆگ و پەیڤیندا. کاتێک وشەی دیالۆگ دەبیسترێ پێش هەموو شتێک زەینی مرۆڤ بۆ ئەوە دەچێت کە هەڤپەیڤینێک لەنێوان دوو کەس یان لایەن یان کۆمەڵ و هتد هاتۆتە ئاراوە. چونکە مرۆڤ بۆ پێکهێنانی دیالۆگ زیاتر کەڵک لە میکانیزمی زمان وەردەگرێ. بۆیەش زوو زەین بۆ ئەوە دەچێت کە رەنگە ئەم زاراوەیە بە مانای قسەکردن بێت. بەڵام هەموو قسەکردنێک دیالۆگ نیە.

یەکێک لە هۆکارەکانی بەمرۆڤبوون و سەرهەڵدانی شارستانیيەت، لە ئاکامی دیالۆگەوە بەدیهات. کاتێ کە مرۆڤەکان هێماکانیان ناسی و واتایان بۆ دۆزینەوە و پێوەندیان لەگەڵ یەکتردا سازکرد، کەوتنە رەوتێکەوە کە دواتر زانست ناوی لێنا دیالۆگ. هەر ئەو رەوتەش بوو کە مێژووی مرۆڤایەتیی هەتا ئێستای تۆمار کردووە..

دیالۆگ خاڵێکی بنەڕەتییە لە هەبوونی مرۆڤەکان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا. بەواتایەکی دیکە مرۆڤ کاتێ بەکۆمەڵگا دەبێ کە دەکەوێتە نێو رەوتی دیالۆگەوە. هەبوونی مرۆڤ لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتیدا گرێدراوی دیالۆگی رۆژانەیە.

## * بەدیهاتنی دیالۆگ لە حاڵەتی دیالەکتیکیدا

کاتێک تێز و ئانتیتێز یەک دەگرن، سەنتەزێک ساز دەبێت، ئەو سەنتێزە دەبێتە بەرهەمی ئەو دیالۆگە. بەڵام لەم حاڵەتە دیالەکتیکەدا ئانتیزێز، تێز لە نێو نابات، بەڵکو تێز و ئانتێتێز لەنێو فۆرمولێکی کوانتۆمیکدا یەکتری تەواو دەکەن و سەنتەزێک لە هەردوو لایەن درووست دەبێت. بە واتایەکی دیکە کاتێک دوو فکر یان دوو ئایدی رێک دەکەون بۆ ئامانجێکی دیاریکراو، نەک تەنیا یەکتری رەت ناکەنەوە، بەڵکو لە ئەنجامدا دەسکەوتیشیان دەبێت و دەکەونە نێو خانەی دیالۆگەوە. کەواتە لە دیالۆگدا هەر دوولایەن وەک خۆیان دەمێننەوە و دەبنە یارمەتیدەری یەکتری بۆ بەدیهێنانی ئامانجی هاوبەش. لە سۆنگەیەکی دیکەوە بۆ دیالۆگ "من- کەس/ لایەن" ئەوە دەزانێت کە "تۆ_کەس/ لایەن" بوونێکی هاوئاست دەبەخشێت بەخۆی، واتە لەم کردە دیالەکتیکیەدا "تۆ - کەس/ لایەن"، لە خۆیدا "من - کەس/ لایەن" سازدەکات و بە پێچەوانەوە.

من- کەس/ لایەن = تۆ – کەس/ لایەن

زۆربەی قوتابخانە فەلسەفییەکان دیالۆگیان شی کردۆتەوە. هەر کام لەو قوتابخانانە توانیویانە خوێندنەوەیەکی تایبەتیان بۆ دیالۆگ هەبێت. هەروەها ئایینیش تێڕوانینێکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ دیالۆگ.

- لە قوتابخانەی پۆزیتیڤیزمدا کە لە فکریەتی ئیدیالیزمەوە سەرچاوەدەگرێ، مرۆڤەکان بە ئۆبژە دادەنرێت و چوارچێوەی دیالۆگی بۆ گروپێک، نەتەوەیەک، لایەنێک، پۆلبەندی دەکات و حاڵەتیکی نەگۆڕی بۆ وەبەرچاو دەگرێ، بەڵام بەشێوەیەکی زانستیانە دەیخوێنێتەوە. لە نێو ئەم قوتابخانەیەدا هەموو کۆمەڵگاکان، پۆلینبەندیی دەکرێن و چوارچێوەی فکریەت و دیالۆگ لەگەڵ ئەم کۆمەڵگایە و چینەکانانیدا بە شێوازێکی نەگۆڕ پێک دێت. بۆ نمونە، کاتێک باسی نەتەوە دەکرێت بەگشتی دەینرخێنێت، وەکوو کورد کە هەموو باشن یان خراپن. رەشن یان سپی.

لە قوتابخانەی فەلسەفیی هێرمۆنۆتیک و هومومانیزمدا دیالۆگ بۆ ئاستی تاکە تاکەی مرۆڤەکان دادەبەزێنرێت و پێیانوایە کە شێوازی دیالۆگ لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دیکە دەگۆردرێت و هیچ پۆلبەندیەک بۆ دیالۆگ دانانێن. مرۆڤەکان وەکوو هەبوونێکی سۆبژەکتیڤی دەنرخێندرێت و لە چوارچێوەیەکی ریالیستیدا لە بابەتەکان نزیک دەبێتەوە. ئەم قوتابخانە فەلسەفییە هاوکات لەگەڵ قوتابخانەی ئیندوالیزم، شێوازی دیالۆگ بە لەبەرچاوگرتنی رەوشی دەروونی ئێستا و پێشینەی مرۆڤەکان دیاری دەکات.

لە قوتابخانەی کۆلەکتیڤیزمدا دیالۆگ لە چوارچیوەیەکی گشتیدا دەنرخێنریت کە مرۆڤەکان، کۆمەڵگاکان و بیروڕای گشتی، هەڵدەسەنگێندرێت و سەنتەزی بیروڕاکان لە ئەنجامی دیالۆگە پێکهاتووەکان بەکار دەبرێت، بەسەرنجدان بە فکری نەرێنی، ئەرێنی و بێ لایەنی لە بابەتێکدا. کەواتە کۆلەکتیڤیزم بۆ هەبوونێکی کۆلەکتیڤ لە دیالۆگ کەڵک وەردەگرێت هەتا یەک بەیەکی بۆچوون و فکرەکانی نێو کۆمەڵگا کۆبکاتەوە و لە ئەنجامی فاکتۆری بەدەستهاتوو، مەبەستی خۆی دیاریی بکات. لەم قوتابخانەیەدا بەسەرنجدان بە فکریەتی هۆلیزم و پۆزەتیڤیزم، میکانیزمی دیالۆگ پێش دەکەوێت.

دیالۆگ لە پلێنۆمدا پەرەدەستێنێت. پلێنوم واتای گشتی هەیە، لەکاتێکدا نوێنەرانی گەل لە مەجلیسێکدا کۆدەبنەوە، دەتوانین بڵێین کە ئەوە لە پلێنومدا کۆدەبنەوە و لەسەر بابەتێک مشتومڕ و گفتوگۆ دەکەن.

## ※ دیالۆگ و ئایین

هەروەکو باسمان کرد ئایینیش وەکوو باقی قوتابخانە فەلسەفییەکان دەپەرژێتە سەر دیالۆگ و تێروانینێکی جیای بۆ ئەم چەمکە هەیە. لەنێو ئایینـدا دیالۆگ واتای نامێنیت. مرۆڤ لەگەڵ خودای خۆی دەکەوێتە قسەکردن و دەپارێتەوە و کرداره ئایینییەکان پەیڕەو دەکات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا وەڵامێکی ئۆبژەکتیڤی وەرناگرێت، لەبەر ئەوەی خودا لەگەڵ ئەو کەسە قسە ناکاتەوە. دوولایەنیی لەئارادا نییە و تەنیا لایەنێک دەپەیڤێ، کەواتە ئەمە ناچێتە خانەی دیالۆگەوە. هەر وەکوو ئاماژەی پێکرا دیالۆگ لە کردەوە و دژکردەوە یان وتوویژ لە نێوان دوو لایەندا بەدی دێت. بەمجۆرە لە نێو ئایینـدا هەر قسە هەیە و وەڵامێک نییە. کەواتە لە ئاییندا شێوازێکی مۆنۆلۆگە. بەڵام تیۆریی مێتافیزیک بەم وتووویژە لە ئایین دەڵێ دیالۆگ. لە نێو ئەندێشەی مێتافیزیکیدا ئەم حاڵەتە بە دیالۆگ دادەنرێت کە لەگەڵ هەبوونێکی فکریی میتافیزیکی لە پێوەندی دایە و لە شوێنیکی دیکەدا وەکو ئیلهام وەڵامی خۆی وەردەگرێتەوە و پەیوەندییەک ساز دەکات.

لە نێو شێوازەکانی دیالۆگدا شێوازێکی کەشمان هەیە کە لە سێ بەش پێک دێت، پێمانێکی سێ قۆڵییە کە بە تریۆلۆگی ناسراوە. تریۆلۆگی ستروکتورێکی سێ گۆشەییە و لە سێ لایەنەوە، بابەتێک هەڵدەسەنگێندرێت و پەیمانێک دەبەسترێت. لە ئاییندا ئەم شێوازە هەیە لە نێوان خودا و پەیامبەر و مرۆڤدا. لەم نێوانەدا پەیمانێکی سێ قۆڵی دەبەسرێت.

## ※ توانستی دیالۆگ

وشەی دیالۆگ هەڵگری دوولایەنە کە تانوپۆ و تەواوکەری یەکترین. واتە "فکر" و "کردەوە". کاتێک لە "وشە" لایەنی "فکر" دابماڵدرێت و تەنیا "کردەوە" وەبەرچاو بگێردرێت و پێداگریی لەسەر بکرێت ئیدی "وشە" بەرەو رەهەندی "کردەوەخوازی"ی دەچێت. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر وشە تەنیا ببێتە هەڵگری لایەنی ئەندێشە و کردەوەی لێ بستێندرێتەوە، دیالۆگ دەبێتە گەمەیەکی بێ ئەنجام. بەواتایەکی دیکە هیچکام لە لایەنەکانی ئەندێشە و کردەوە ناکرێ ببێتە قوربانیی ئەوی دیکە.

## ※ گرینگی هەبوونی دیالۆگ

لە کۆمەڵگایەکدا کە دیالۆگ سەربەستانە بەدی بکرێت ئەو کۆمەڵگایە پێشکەوتنی مەزن بە خۆیەوە دەبینێت و ئەو کۆمەڵگا بەرەو دیموکراتبوون دەروات. دیالۆگ بۆ شەڕی دەسەڵات نیە، بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتە لەپێناو بەرژەوەندیی ئەو کەسانەی کە لەم میکانیزمە کەڵک وەردەگرن. دەکرێت بڵێین کە دیالۆگ پردی نێوان بەیەکگەیشتنی فکرەکانە. هەروەکوو لە سەرەوەش ئاماژەی پێکرا دیالۆگ میکانیزمێکە بۆ بەدەستهێنانی سەنتێزی فکرەکان، کەواتە لە رێگای دیالۆگەوە فکرەکان بەیەک دەگەن و دەستکەوتیشیان دەبێت. ئامانج بۆ هەموو مرۆڤێک گرینە. کاتێ مرۆڤ ئامانجێک بۆخۆی دیاریی دەکا بەو واتایەیە کە دەبێت هەموو کاناڵەکان تاقی بکاتەوە هەتا بەو ئامانجەی خۆی بگات. لێرەدا دیالۆگ یەکێکە لەو کاناڵانەی کە دەکرێت بەکار بهێندرێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کە مرۆڤ دەیەوێت پێی بگات.

بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی دیموکراتیک، پێویستە کە هەموو لایەنە کۆمەڵایەتیەکان بەیەکەوە پێشبکەون، ئەوەش پێویستیی بە شۆرشێکی زێهنیەتی هەیە. هەر بۆیەش دیالۆگ دەتوانێت رێگایەک بێت بۆ بەدیهێنانی ئەم شۆڕشە. فیلوسۆفی ئاڵمانیی "مارتین بوێر" لە پەرتوکێکی خۆیدا بەنێوی "رێگایەک بەرەو یۆتۆپیا" ئاماژە بەوەدەکات کە کۆمەڵگا بەردەرام پێویستیی بە شۆرش هەیە و هەروەها ژیانی

یەکبوون
کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

ڕاستەقینە هەمووی لە کۆبوونەوەدا واتای هەیە.

هابرماس فیلەسوفی ئاڵمانی لە بابەت دیالۆگ و کۆمونیکاسیۆن، لێکۆلینەوەیەکی زۆری کرد. جێی ئاماژەیە کە هابرماس لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانیدا دەژیا، کاریگەریی ئەو سەردەمە بەروونی لەسەر بیرو بۆچوون و لێکۆڵینەوەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. هابرماس لەبابەت گفتوگۆ لە نێوان کۆمەڵگادا باس لەوە دەکات کە پێویستە ئاستی زانیاریی کۆمەڵگا ئەوەندە لەسەرێ بێت کە دەرک بە شێوازەکانی دیالۆگ و چارەسەرکردنی کێشەکان بە دیالۆگ و کۆمینیکاسیۆن بکرێت. کاتێک کۆمەڵگا بەم چەمکە نائاشنا بێت، ئەوکاتە ئەو کۆمەڵگایە لە قەیرانێکی دژواردا دەژی. هابرماس هەروەها ئاماژە بە هەردووک شەڕی جیهانی دەکات و دەڵێ، ئەگەر مرۆڤەکانی ئەم سەردەمانە، ئاستی زانیاریان لەسەرێ بوایە و شێوازەکانی دیالۆگیان ناسیبوایە، ئەوکات نە شەڕی یەکەمی جیهانی دەکرا و نە شەڕی دووەمی جیهانی. هاوکات هابرماس ئاماژەی بە هەڵخەڵەتانی مرۆڤەکان دەکات و دەڵێ دەسەڵاتداران بە پروپاگەندەکردن بۆ داسەپاندنی فکریەتی خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا پەنا بۆ هەموو ناڕاستیەک دەبەن. ئەگەر بێت و ئاستی زانایی مرۆڤەکان بەرز بێت، ئەوکات تاکەکان ڕاستیەکان لە چەوتەکان هەڵدەوەژێرن و ڕێگا ڕاستەکە هەڵدەبژێرن و فریوی ناڕاستیەکان ناخۆن. هاوکات هابرماس خەفەت بۆ سەردەمی نازیستی دەخوات و باس لەوە دەکات کە چۆن دەسەڵاتداران مرۆڤەکانیان بۆ ئامانجە چەوتەکان بەکار دەهێنا و دەیانکردە قوربانی.

## ٭ پرەنسیپەکانی دیالۆگ

پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای دیالۆگ دامەزراون. واتە دیالۆگ بابەتێکی کۆمەڵایەتیی و لەهەمانکاتیشدا میکانیزمی بەیەک گەیشتنی فکرەکانە و هەڵگری کۆمەڵێک پرێنسیپی تایبەت بەخۆیەتی. دیالۆگ بنچینەی ڕێکخستن و بە سازیکردنی کارەکانە کاتێک دیالۆگ بەواتای خۆی خۆدەگرێت کە لایەنەکانی ئامادە لە دیالۆگدا پرێنسیپەکانی بپارێزن. بەشێک لەو پرێنسیپانە بریتین لە:




- تۆلەرانس.
- نەبوونی پێش گریمانە.
- زانیاریی پێویست لەسەر بابەتی دیالۆگ.
- هاوئاستبوونی لایەنەکانی بەشدار لە دیالۆگدا.
- خۆپاراستن لە هەرچەشنە خۆداسەپاندنێک.
- لەباربوونی زەمینەی دیالۆگ.
- لەبەرچاوگرتنی کات و شوێنی دیالۆگ.
- ڕێزگرتنی لایەنەکانی بەشدار لە دیالۆگدا.
- پێویستبوونی ناسینی کەس/لایەن، ئاگاداربوون لە بیرو بۆچوونی خود و بەرامبەر.
- وەبەرچاوگرتنی ئازادی لە فکر و بیرکردنەوە و هەڵبژاردنی لایەنەکانی دیالۆگدا.
- وەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیەکانی لایەنەکانی بەشدار لە دیالۆگدا.
- باوەڕهێنان بە بنەمای دیالۆگ بەجێی دوژمنایەتی و تێکهەڵچوون.
- قبووڵکردنی هەبوونی بیروڕای جیاواز.

## بۆچی دیالۆگ

نەگۆڕبوون لەدنیای بگۆڕی خێرادا خەسارێکی مەزن بە تاک و کۆمەڵگا و کولتوور دەگەیەنێ. لەم دنیا بگۆڕەدا دیالۆگ وەکو پێویستییەک بۆتە هەوێنی پێشکەوتن و لەبەشێک لە کۆمەڵگا و شارستانییەت و کولتوورەکاندا ڕەنگیداوەتەوە. گۆڕانکارییەکانی چاخی حازر لەچوارچێوەی کولتوور و شارستانییەتێکی داخراودا ناگونجێ و هیچ کام لە پێوەرەکانی کۆمەڵگای چەقبەستووش ناتوانێ هەڵیسەنگێنێ. خواست و مەیلی کۆمەڵگاکان گۆڕانی بەسەرداهاتووە و پێ بە پێی پێشکەوتنەکان زێدەتر و بەرفراوانتر بۆتەوە. بۆ نموونە کە چاو لەچاخی پیشەکاریی بکەین، لایەنەکانی ئەو سەردەمە لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، زانستی و سیاسیی.... لێکبدەینەوە، گۆڕانکارییەکی مەزن هۆکاری بازدانی سەرلەبەری کۆمەڵگای مرۆڤیی بووە لە ژیانی چاخی تاریکیی سەدەکانی ناڤیندا. گۆڕانکارییەک هەموو بوارەکانی کۆمەڵگای گرتەوە کە هەمووشتێکی هەر لە بناغەوە هەڵتەکاند. کە دەکرێ دەست بخرێنە سەر گۆڕان لە سیستمی باوەرمەندیی جەماوەر، گۆڕانی چینەکانی کۆمەڵگا، گۆڕان سەبارەت بە بایەخە ئەوپەڕ مادیییەکان، سەرهاڵدانی تەڤگەرێ نوێی کۆمەڵایەتی، گۆڕان لەجۆری ڕوانین لە ئایین و دروستبوونی لقە جۆراوجۆرەکان و هەروەها هەر لەم بوارەدا لێکدانەوەی نوێ بۆ ئایین کرا. بەم پێیە گشت ئەو گۆڕانکارییە بنچینەییانەی بە درێژایی مێژوو بە تایبەت پاش سەدەکانی ناڤین سەرلەبەری کۆمەڵگای مرۆڤیی گرتەوە. لە ڕێی دانوستان و پەیوەندییەوە هاتنەئاراوە. کاتێ دانوستان پەیوەندیی یان بەواتا زانستییەکەی دیالۆگ سەردەگرێ کە لایەنەکان لە ڕووبەڕوبوونەوە لەگەڵ یەکتریدا کەم تازۆر کۆمەڵێک ڕەگەز لە یەکتری وەردەگرن. هەر بەوجۆرەی سیستم یان سیستمەکان لە ڕووبەڕوبوونەوە لەگەڵ سیستم یان سیستمەکانی دیکەی دەورووبەری لە سەر یەکتری کاریگەرییان دەبێ و بە پێی ڕادەی دانوستاندنەکانی نێوان خۆیان کەم تازۆر گەشە دەکەن. بەوردبوونەوە لە کۆمەڵگا و کولتوورەکانی دوور یان نزیک و لە ڕووی نیشانەناسییەوە بخوێندرێنەوە، زۆربەی شێواز، ئایین، داب و نەریت، نیشانە کولتوورییەکان لە باقی کۆمەڵگا شارستانییەکاندا دەبیندرێ، ئەمە ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بەو ڕاستییەی کە کۆمەڵگا و کولتوور شارستانییەتەکان بەردەوام کاریگەرییان لە سەر یەکتریدا هەیە. ڕەنگبێ ئەم کارتێکردنانەش لە بواری تەواو جیاوازدا ڕەنگ بداتەوە.

١٦ی جانیویری ٢٠١٢

پەڕاوێز:

٭ ئەم وتارە بەراییەکی کورتە بۆ کتێبێک لە ژێر ناوی (دیالۆگ) کە ئامادەی چاپە..

ماڵپەری دەنگەکان

# کوردستان لەسەردەمی رژێمی حەمەڕەزاشای پەهلەویدا

سیروان کاوسی

بەشی یەکەم



بەبۆنەی تێپەڕبوونی (٣٢) ساڵ بەسەر رووخانی رژێمی حەمەڕەزاشا لەئێران!(بۆچی لەئێرانی فرەنەتەوەدا، رژێمێکی ناسیۆناڵی فارس دامەزرا؟!)

## ※ دۆخ و ئەرکی ئێستا!

رەزاخانی میرپێنج فەرماندەی هێزی قەزاق، دوای ناردنی ئەحمەدشای قاجارڕ بۆ دەرەوەی وڵات کە بەنەخشەی ئینگلیز بەڕێوەچوو، کۆتاییهێنا بەحکوومەتی هۆزی قاجارڕ و، لەرۆژی ٢٥ی ئاپریلی ١٩٢٦ی زاینی لەرێورەسمێکی تایبەتدا بوو بەشای ئێران و، بناخەی رژێمی پاشایەتیی پەهلەویی دارشت، کە بۆماوەی ٥٣ ساڵ درێژەی کێشا.



هۆی پشتگیری و یارمەتیدانی رەزاخان لەلایەن ئینگلیزەوە بۆ ئەوە بوو، بلشویکەکان بەسەرۆکایەتیی لێنین لەساڵی ١٩١٧ دا بەدەسەڵاتگەیشتبوون و، لەسەر خاکی پانوبەرینی ئیمپراتۆریی رووخاوی سێزاردا، یەکێتیی سۆڤێتیان دامەزراندبوو. پشتیوانی لەچینی چەوساوە و گەلانی بندەست و مافخوراو و، نەهێڵانی ئیمپریالیزمی جیهانیی، ئامانج و ستراتیژی سیاسیی رژێمی تازەدامەزراوی کۆمۆنیستیی رووسیای پێکدەهێنا.

لەئێران، لەنێو کۆڕوکۆمەڵە و چین وتوێژی رۆشنبیری و کرێکاریدا، بیری کۆمۆنیستیی پێش بەدەسەڵاتگەیشتنی کۆمۆنیستەکانی رووسیا بڵاوببووەوە، چۆنکە لەساڵانی کۆتایی سەدەی ١٩ی زاینیدا بەهۆی قاتوقرِی و برسێتییەک کە ئێرانی گرتبووەوە، پتر لەنیو ملیۆن ئێرانیی بۆ پەیداکردنی کار وبژێویی ژیان روویان لە رووسیا کرد و، لەوێ لەنێو کارگە و کانزا و کێڵگەی دەرەبەگە گەورەکاندا، لەرێگەی ئەندامان و کادرە نهێنییەکانی کۆمۆنیستەکانەوە بیروباوەڕی کۆمۆنیستییان ناسی.

ئەم حەشاماتە زۆرە کاتێک گەڕانەوە بۆ ئێران، ئەو بیروباوەڕە نوێیەی وا فێری ببوون، بۆ خەڵکی شاروگەند و زێدی خۆیان گێڕایەوە. کاتێکیش یەکەمین رێکخراوەی کۆمۆنیستیی بەناوی "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" لەمانگی جۆزەردانی ساڵی ١٢٩٩ی هەتاوی بەرامبەر بە مانگی جۆنی ١٩٢٠ ی زانیی، لە پارێزگەی گێلان کە هاوسنوورە لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێت، لەلایەن کەسایەتیی سیاسی و رۆشنبیریی ئەو سەردەمەی ئێران بەنێوی حەیدەر عەمووئۆغلی یەوە دامەزرێندرا و، ئەکادمییەکی ناوداری وەک دۆکتۆر تەقی ئەرانی بوو بە ئەندامی حیزبەکە، ئەم حیزبە توانی لەماوەیەکی کەمدا لەنێو کۆڕوکۆمەڵەی رۆشنبیری و کرێکاریی لەئێراندا بەخێرایی گەشەبکات.

ئەم کەشەسیاسییە تازەیە، بریتانیای تێگەیاند ئەگەر بێتوو بەپەلە چارەسەری گونجاو نەدۆزێتەوە، ئەوا سەرهەڵدانی شۆرشی کۆمۆنیستیی لەئێران، رووسیا بەهاسانی و بێکێشە دەگەیەنێتە لێوارەکانی کەنداو کە شادەماری وزە و ئابووریی بریتانیا بوو. بریتانیاش کە لەو سەردەمەدا گەورەترین دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی جیهان بوو، خۆی بەخاوەنی هەتاهەتایی نەوت و سامانی ژێرزەویی ئێران و، وڵاتانی بەپیتوبەرەکەتی دیکە دەزانی کە داگیری کردبوون، لەبەر ئەوە ئامادەنەبوو واز لەبەرژەوەندیی زۆروزەوەنی خۆی لەناوچەکە بهێنێت.

بەدەسەڵاتگەیاندن و پەروەردەکردنی سوپا و دامەزرانی داوودەزگەی حکوومەتیی بۆ رەزاشا و رژێمەکەی لەلایەن بریتانیاوە، لەلایەک کۆتاییهێنا بەحکوومەتی لاواز و بێدەرەتانی بنەماڵەی قاجارڕی بەرەگەز تورک، لەلایەکی دیکەشەوە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلانی ئێران لەباکوور بەسەرۆکایەتیی میرزاکووچکخان و رۆژاوای باشووری ئێران (عەرەبەکانی خوزستان) بەسەرۆکایەتیی "شێخ خەزعەل" ی لەنێوبرد. هاوکات توانی راپەڕینی کوردەکانی بەختیاریی لەنێو ئاگروباروت وگوللەدا نوقمی خوێن بکات بەچەشنێکی وا کە ژەنەراڵەکانی سوپای ئێران، نازناوی "قەساوی لۆڕستان" یان پێبەخشرا. هەروەها بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد لەهەرێمی ورمێ بەسەرۆکایەتیی سەرکردەی مێژوویی و قارەمان سمکۆی شکاک بەهێرشی یەک لەدواییەکی سوپای ئێران و، هاوکاری و پیلانگێڕیی تورکیا و رووسیا و کاربەدەستانی ئینگلیز لەعێراق، تێکشکا و، لەئەنجامی پیلانێکدا لەشاری شنۆ رێکەوتی ٢١ی جۆنی ١٩٣٠ لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە کوژرا.



سەرباری ئەمانەش، لەتاران و لەشارەگەورەکاندا، پۆلیس و هێزەکانی دیکەی سەرکوتکەری رژێم، هەڵیانکوتایە سەر کۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازان و، دەستیانکرد بەلەنێوبردنی پاشماوەی دەستکەوتەکانی "انقلاب مشروطه" (شۆرشی نوێخوازیی)، کە بەخوێنی هەزاران ئازادیخواز بەدەستهێنرابوون، زیندانەکان پڕکران لە ئازادیخوازان و رۆژنامەنووسان و، هەرچییەک رۆژنامەی سەربەخۆ هەبوون، داخران. ترس و شەوەزەنگ، جێی ساڵانی ئازاد و دێمۆکراتی سەردەمی حەوتساڵەی شۆرشی نوێخوازییان گرتەوە.

لێ، سەرەرای خولقانی ئەم دۆخەدژوارە بەسەر رۆشنبیران و ئازادیخوازان و گەلانی ئێراندا، بۆ نەتەوەی فارس هەلێکی گەورەی مێژوویی هاتە پێشەوە بۆ ئەوەی، بتوانێت لەسایی دامەزرانی حکوومەتی پەهلەویدا، هێژمۆنی و دەسەلاتی سیاسیی خۆی بەسەر نەتەوەکانی نافارس لەئێراندا بسەپێنێ و، بەشێوازی جۆراوجۆر دەستبکات بە جێنۆسایکردنی رەگەزی و ئابووری و ئاسەوار و فەرهەنگ وشارستانییەتی نەتەوەکانی دیکەی ئێران لەوانە نەتەوەی کورد کە تاکو ئەمڕۆش هەر بەردەوامە لەسەری.

لێرەدا بەپێویستیدەزانم سەرنجی خوێنەر بۆ خاڵێکی گرنگ رابکێشم، ئەویش ئەوەیە، بەرلەدامەزراندنی رژێمی پەهلەویی لەلایەن رەزاشاوە، زەوینە لەبەردەم بەدەسەڵاتگەیشتنی نەتەوەی فارسدا بەتەواوەتیی خۆشکرابوو. بۆ زانینی ئەم راستییەش دەبێ چەند لاپەڕەیەک لە رابردووی ئەو هۆکارە سیاسی و مێژوویی و جوگرافییە هەڵدەینەوە کە دەستیاندایە دەستییەک، بۆ ئەوەی نەتەوەی فارس لەخۆیرابیبنێ خۆیبکات بە دەمڕاست و گەورە و چاوساخی نەتەوەکانی دیکەی ئێران!



ئاغامحەممەدخانی قاجارِ بەرەچەڵەک تورک لەساڵی ١٧٨١ی زاینیدا، بەپیلان و خیانەتی فارسێک بەناوی "حاجی برایمی هاشمیان کە داروغەی شیراز بوو (١ *)"، لەگەڵ براکەی و چەندین فەرماندەی لەشکر و سەرۆکهۆزی دیکەی فارس، توانی کۆتایی بە دەسەڵاتدارێتیی کوردی زەند لەئێران بێنێ و، دەسەڵاتی تورکەقاجارەکان بەسەر ئێران و رۆژهەڵات و بەشێک لەباشووری کوردستاندا بسەپێنێ و، شارەدێی "تاران "بکات بە پێتەختی حکوومەتەکەی.

دەستنیشانکردنی شارەدێی تاران لەلایەن ئاغامحەممەدخان و فەرماندەکانی هۆزی قاجارەوە لەبەر چەند هۆیەک بوو. تاران لەرووی هەڵکەوتوویی جوگرافییەوە پاڵیداوە بە ریزەچیای بەرز و رژد و هەڵەموتی "ئەلبورز" ەوە، لەلایەک لە مازندەران و لەباکووری ئێرانەوە نیزیکە کە زێد و شوێنی نیشتەجێبوونی ئاغامحەممەدخان و هۆزەکەی بوو، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی دوورییەوە لەرۆژهەڵاتی کوردستان، کەمتر مەترسیی ئەوەی لێدەکرا هۆزەکانی کورد بتوانن هێرش بکەنەسەری و داگیری بکەن.

بەڵام دەستنیشانکردنی تاران بۆ پێتەخت کە لەنێو جەرگەی گەلی فارسدا هەڵکەوتووە و، بەهۆی بوونی پێشینەیەکی چەند سەتساڵەی زمانی فارسی لەرێگەی شاعیرانی ناوداری وەک مەولەوی و خەیام و عەتار نەیشابوری و فێردەوسی و حافز و سەعدی و ... هتد، وێژە و ئەدەبی فارسی توانیبووی نەک تەنیا لەنێو گەلی فارس، بەڵکو لەنێو گەلانی دەوروبەریشیدا پلە و جێگەی تایبەت وەربگرێت. لەلایەنی سیاسیشەوە بوونی کەسایەتییەکی ناوداری وەک حاجی برایمی داروغە لە دەسەڵاتدا کە بەهۆی خزمەتی گەورەی بە ئاغامحەممەدخان، کرابوو بە سەرۆکوەزیران و، نازناوی "ئێعتمادولدەولە"ی پێدرابوو، دوای مردنی ئاغامحەممەدخان و، لەسەردەمی پاشایەتیی فەتحعەلیشای قاجاردا، جگە لەوەی کە دەسەڵاتی فارسەکان بە هۆی حاجی برایمەوە زیاتر پەرەی سەند، بەڵکو لەوەش گرنگتر زمانی فارسی بەرە بەرە بوو بەزمانی فەرمیی نێو کۆشک و سوپا و نێوەندەکانی حکوومەتی. شاکانی قاجارِ و شازادە و ئەندامانی بنەماڵەکانیان کە چەند هەزار کەسێک دەبوون، بەپێچەوانەی باپیریان ئاغامحەممەدخانەوە، کە شانازیی بە تورکبوون وەمەغۆلبوونی خۆیەوە دەکرد، ئەمان شانازییان بە زمانی فارسی و ئێرانیبوونیانەوە دەکرد و، لەرێگەی ئایەتوڵڵاکانەوە ئامۆژگاریی دەکران، پارێزگاریی لەو خاک وسنوور و سەرزەمینانە بکەن کە دانیشتوانەکەی پێرەوی ئاینزای شیعەن .هەر لەسەرەتاکانی سەدەی ١٨ای زاینەوە، رازاوەیی ئوروپا و نێوبانگی زانست و سیستەمی پەروەردە و پێرەوکردنی دێمۆکراسی و ئازادیی کۆمەڵایەتیی لەلایەن حکوومەتەکانییەوە، بنەماڵەی شا و شازادەکان و وەزیر و کاربەدەستان وبازرگانە گەورەکانی ئێرانی هاندا کە کورەکانیان بۆ خوێند بنێرن بۆ ئوروپا، بۆ ئەوەی پاش تەواوکردنی خوێندنەکەیان، بگەرێنەوە و، لەلایەن شاوە کورسی و پلەوپایەیان پێببەخشرێت. لەشاری تارانیش، لەساڵی ١٨٥١ی زاینییەوە، زانستگەیەکی گەورە بەناوی (دارالفنون)، لەبوارەکانی پزیشکی و لەشکری و دۆزینەوەی کانزا و بەشی دەرمانسازیی لەلایەن سەرۆکوەزیرانی نەسرەدینشا بەناوی میرزاتەقیخانی فەراهانی (امیر کبیر) ەوە دامەزرا و، جگە لەمامۆستایەکی ئێرانی، هەروەها شەش مامۆستای دیکە، لەوڵاتی ئوتریش (نەمسا) وە هێنران بۆ "دارەلفنوون"، بۆ ئەوەی خوێندکارانی ئەم نێوەندە زانستییە کە لە منداڵی بنەماڵە دەسترۆیشتووەکانی ئێرانی پێکهاتبوون، بەبیروزانستی نوێ پەروەردەبکرێن.

بەڵام بەپێچەوانەی ویست و ئامانجی کاربەدەستان و چینی زەنگینی وڵاتەوە، زۆربەی ئەم خوێندکارانە دوای ئاشنابوونیان بە زانستی نوێ ودنیای مۆدێرن، لەرادەی دواکەوتوویی کۆمەڵگەی خۆیان و، لاوازی و نزمیی حکوومەتی قاجارِ و، کارنەزانیی دەسەڵاتدارانی ئێران لەسیاسەت و حوکمدارێتیی تێگەیشتن و، کەوتنە خولیای ئەوەوە کە گۆرِان لە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بکەن، بۆ ئەوەی ئێرانیش لەکاروانی پێشکەوتن دوانەکەوێت.

"تاران"ی پێتەختیش ئێدی ئەو گوندەی پێشوو نەمابوو، ببوو بەشارێکی رازاوەی پڕلەباخوباخات، سەدان کۆشکوتەلار و باڵەخانە و، چەندین لەشکرگە و شەقامی زۆر و گۆرەپان و بازارِ و مزگەوت و گەرەک و کۆڵانی لێسازکرابوو. بەماوەیەکی کەم تاران بوو بەنێوەندی کاروباری بازرگانی و سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووریی. چینی دەسەڵاتداران و چینی ئاینی و چینی بازرگان و بازارِی و، هەروەها چینی کرێکار و هەژار، لەگەڵ توێژی رۆشنبیر و خوێندەوار پێکهاتەی سەرەکیی تارانیان پێکهێنا. هەرچییەک تاران گەورەتر دەبوو، کێشە و نارەزایەتیی نێوخۆیی زیاتر بەرەورووی حکوومەتی قاجارِ دەبووەوە. دەولەتەکانی کۆلۆنیالیستی رووسیا و بریتانیاش هەر لەسەدەی نۆزدەوە سوودیان لەم لاوازییەی حکوومەتی قاجارِ دەبینی، رووسیا لەشکری خستەرێ و چەندین هەرێمی گەورەی ئێرانی لە باکوورەوە داگیرکرد. بریتانیاش ئەفغانستانی لەئێران جیاکردەوە و، داهاتی کانزا و سامانی باشووری ئێرانی خستبووە دەستی خۆیەوە، بەوەشەوە نەوەستابوون و، بەپێی رێککەوتنێکی نهێنیی ئێرانیان لەنێویان خۆیاندا دابەشکردبوو. هاوکات هەردوولاشیان پێکەوە لەتاران، وەکیەک دەسەڵات و بەرژەوەندیی خۆیان و، حکوومەتی گوێرایەڵ و ئاڵقەلەگوێی قاجارِیان دەپاراست. لەبەرامبەر سەرهەڵدانی هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی رۆشنبیریی لەشارەکان، یان لەلایەن نەتەوەکانی بندەستی قاجارەوە، سیاسەتێکی هاوبەشیان پێرەودەکرد و، لەنێویاندەبرد. وابەستەیی حکوومەتی قاجارِ بەم دوو زلهێزە و، گوشاری لەرادەبەدەری کاربەدەستان و هێزەکانی حکوومەت بەرامبەر بەخەڵک لەلایەک، چەوساندنەوەی چینی هەژار و کەمدەرامەت و جۆتکار لەشار ولەدێ، هەروەها نەبوونی ئازادی و گوشار بۆ سەر رۆشنبیران و، پشتگوێخستنی دەسەلاتی سیاسی و ئابووریی چینی مەلاکان، دەستیاندایە دەستییەک و، لەساڵی ١٨٩٠ ، لەسەردەمی پاشایەتیی ناسرەدینشا کە چوارەمین شای قاجارِ بوو، بزووتنەوەیەکی گەورەی رێفۆرمخوازیی هەڵگیرسا کە لەمێژوودا بەشۆرشی مەزنی "انقلاب مشروطه"، (شۆرشی نوێخوازیی) ناوبانگیرۆیی. کۆی ئەم رووداوانە لەتارانی پێتەخت، بەرەبەرە بیری ئێرانچێتیی نەک هەر لەنێو گەلی فارس، بەڵکو لەنێو ئەو نەتەوانەشدا پەرەپێدا، کە کاتی خۆی بەسەرکوت و زۆرەملێ لکێندرابوون بەحکوومەتی قاجارەوە. ئەمەش بوو بەبناخەیەک بۆ پەیدابوونی بیری ناسیۆنالیستیی فارسی، کە لەرەوتی خۆیدا لەساڵانی ١٩٥٠ - ١٩٥٣ بزووتنەوەی "جبهه ملی ایران"، (بەرەی ناسیۆناڵی ئێران) بەسەرۆکایەتیی "دوکتۆر محەممەد موسەدق" ی لێکەوتەوە، کە لەگەڵ ئەم باسەماندا ناگونجێت!

ئەم دۆخە ئاڵۆزە سیاسییە لەتاران، بەدرێژایی حکوومەتی قاجارِ بۆ ماوەی ١٤٥ ساڵ درێژەی کێشا. ئەمەش مانای وایە ئەگەر شارێک بۆ ئەم ماوە دووورودرێژە پێتەختی وڵاتێک بێت، زمان و زاراوە و داونەرێت و کولتووری زاڵدەبێت بەسەر دانیشتوانی هەموو ئەو مەڵبەند و هەرێمانەی کە لەچوارچێوەی ئەو وڵاتەدا دەژین. لەوەوە هەستی مەزنیخوازی و لووتبەرزی بەرامبەر زاراوە، یان زمانی نەتەوەکانی بندەستی، لەلادروست دەبێت. هەروەک لە کوردستانیش، چەندین ئەمارەتی کوردیمان هەبوون کە لەسەردەمە جیاجیاکاندا و لەچەند هەرێمێکی کوردستاندا دامەزرابوون، بەهۆی ئەو نیوەدەسەڵات و نیوەسەربەخۆییەی کە هەیانبوو، لەرووی پیشەسازی و هونەری و وێژە و مێعماری و، هەستی نەتەوەییەوە تارادەیەک پێشکەوتن و، زاراوە و شێوازی گۆرانی و مۆسیقاکەشیان بە هەرێمەکانی دیکەی کوردستاندا بڵاوبووەوە. شارەکانی سنە و دیاربەکر و سلێمانی و رەواندز و مەهاباد نموونەن بۆ ئەمە.

## لێرەدا دەگەرێمەوە سەر باسەکەمان سەبارەت بە حکوومەتی رەزاشای پەهلەویی

رەزاشای پەهلەوی بەمەبەستی زاڵکردنی زمان و فەرهەنگی فارس بەسەر نەتەوەکانی دیدا، پێویستی بە دارِشتنی سیستەمێکی تازەی پەروەردە و خوێندن هەبوو، بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە رەگەزپەرستانەشی، لەساڵی ١٩٣٤ی زایندا سەردانی تورکیای کرد و، لەنێزیکەوە مستەفا کەمال (ئەتاتورک) ی بینی و، دوای تێگەیشتنی لەشێواز و ناوەرۆکی سیستەمی رەگەزپەرستانەی تورکیای نوێ،

لەگەڕانەوەیدا جلوبەرگی ئۆروپای کرد بەجلوبەرگی فەرمیی هەموو دانیشتوانی ئێران. بڕیاری لابردنی چارشێوی دەرکرد، زمانی فارسی کرد بەزمانی فەرمیی وڵات. ناوەندی هەواڵنێریی بەزمانی فارسی، فەرهەنگستانی ئێران و، زانستگەی تارانی دامەزراند. لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە مێژوویەکی خەیاڵی و درۆ بۆ وانەی قوتابخانەکان ئامادەکرا، کە بەپێی ئەوە لەکۆنەوە شاکانی ئێران زۆرینەیان لەرەگەزی فارس بوونە و پارێزگارییان لە خاکی ئێران کردووە و، ئەم میراتە لەوانەوە گەیشتووە بە رەزاشای زانا و بوێر و لێهاتوو !

رەزاشا هەروەها لەئالیی کۆمەڵایەتیشەوە، لەدەسەلاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی چینی مەلاکانی کەمکردەوە و، رێیگرت لەبەردەم رێورەسمی مانگی "محرم" کە پێڕەوانی ئاینزای شیعە وەک ساڵانی رابردوو برژێنە نێو شەقام وکۆڵانەوە و لەسەر و سینگی خۆیان بدەن.

تاکو زەمانی رەزاشا، بەوڵاتی ئێران دەگۆترا " پرشیا .(Pershia) "لەساڵی ١٩٣٥ لەسەر راسپاردەی رەزاشا، دەوڵەتی ئێران داوای لە کۆمەڵەی نەتەوەکان کرد نێوی " پرشیا" بگۆڕدرێت و بکرێت بە "ئێران". رەزاشا بەلابردنی نێوی " پرشیا" و هەڵبژاردنی نێوی ئێران، نیازیوابوو هەموو نەتەوەکانی نافارس لەنێو زمان و کولتووری فارسدا بتوێنێتەوە و، ئێرانێکی وادروستبکات کە بەوێنەی تورکیا ببێت بەخاوەنی یەک مێژوو، یەک کولتوور و یەک نەتەوە کە ئەویش زمان و کولتووری نەتەوەی فارسە!

## سیاسەتی دابڕاندنی ناوچەکوردنشینەکان لەیەکدی، لەڕێگەی پرۆژەی دابەشکردنی پارێزگەکانەوە!

لەلایەن پەرلەمانی رژێمەوە، سیاسەتی دابەشکردنی گەلی کورد لەرۆژهەڵات، بەرێگەی یاسای تازەی دابەشکردنی پارێزگەکان (ستانەکان) پەسندکرا و، لەمانگی گەلاڕێزانی ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی بەرامبەر بە مانگی نۆڤەمبەری ١٩٣٧، ئێران کرا بە شەش پارێزگە و، کوردستانیش بەسەر دوو پارێزگەدا دابەشکرا:

١- پارێزگەی باکووری رۆژاوا (شمال غرب): بریتیبوو لە تەورێز، ئەردەبیل، ورمێ، مەراغە و مەهاباد. شایانی باسە لە ماکۆ و بازرگانەوە کە سنووری دەستکردی نێوان تورکیا و ئێرانە هەتاکو بۆکان و سەردەشت خرایە سەر ئەم پارێزگەیە.

٢- پاریزگەی رۆژاوا :لەسنووری شاری سەقز و بانەوە تا دەگەیشتە سنووری خوزستان (ناوچەی عەرەبنشینی باشووری رۆژاوای ئێران.ص!

بەپێی ئەم دابەشکردنە، پارێزگەی کوردستان جگە لە پارێزگەی ورمێ، تەواوی هەرێمە کوردنشینەکانی وەک پارێزگەی سنە و کرماشان و ئیلام و لوڕستان و بەختیاری و بویەرئەحمەدی دەگرتەوە. ئەمەش راستییەکە بۆ ئەوەی بزانین لەکۆنەوە تاکو سەرەتای دامەزراندنی رژێمی پەهلەویی، حکوومەتەکانی ئێران، کوردستانیان بەو ناوچانە زانیوە کە ئەوڕۆکە پێیاندەگۆترێت: کرماشان و سنە و ئیلام و لوڕستان و بەختیاری و بویەر ئەحمەد .

بەڵام رژێمی رەزاشا، هەرزوو هەستیان بەناتەواویی ئەم دابەشکردنە بۆ سەر ئامانجی رەگەزپەرستانەیان کرد. ئەوە بوو هێشتا دوومانگ بەسەر یاسای دابەشکردنی پاریزگەکاندا تێنەپەڕیبوو کە لەمانگی رێبەندانی هەر ئەو ساڵەدا (١٩٣٧)، پەرلەمان یاسای تازەی دەرکرد و، شەش پاریزگەکە کران بە دە (١٠) پارێزگە .



لەدابەشکردنی نوێی پارێزگەکاندا، رۆژهەڵاتی کوردستان بەسەر ئەم ستانانەدا دابەشکرا:

پارێزگەی چوارەم: بریتیدەبێت لە: خۆی، ورمێ، مەهاباد، مەراغە و بیجاڕ

پارێزگەی پێنجەم: بریتی دەبێت لە: ئیلام، شائاباد، کرماشان، سنە، مەلایر و هەمەدان.

پارێزگەی شەشەم: بریتیدەبێت لە: خوڕەمئاباد (خورمۆوە)، گوڵپایگان، ئەهواز و خوڕەمشەهر.

لەگەرمەی دووەم جەنگی جیهانیدا، کاتێک سوپای ئەڵمانیا توانی بەخێرایی دەستبگرێت بەسەر چەندین وڵاتانی ئۆروپادا، رەزاشا وای لێکدایەوە کە هیتلەر لە جەنگەکەیدا سەردەکەوێت، لەبەر ئەوە پێوەندیی لەگەڵ ئەڵمانیا خۆشکرد و پشتیکردە ئینگلیز کە بەدەسەڵاتیگەیاندبوو. ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کە "هاوپەیمانان"، (ئینگلیز و ئەمریکا و رووسیا)، رێکەوتی ٢١ی مارچی ١٩٤١ ئێران داگیربکەن و، رەزاشا لەسەر دەسەڵات لابەرن و، بۆ باشووری ئەفریقا دووری بخەنەوە. شەش مانگ دواتر، لەرێکەوتی ١٦ی سپتامبری ١٩٤١، دەوڵەتی ئینگلیز، حەمەڕەزاشا (کوڕی گەورەی رەزاشا) ی لەجێی باوکی کرد بەشای ئێران.

## دەستپێکردنی حکوومەتی حەمەڕەزاشای پەهلەویی!

ساڵێک دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانیی دووەم، رێکەوتی (٢)ی رێبەندانی ١٩٤٦، لەشاری مەهاباد، کۆماری سەربەخۆی کوردستان دامەزرا. بەچەند مانگێک دوای دامەزرانی کۆمار، بەنەخشەی ئینگلیز، رێککەوتنێکی ساختە لەنێوان قەوامولسەڵتەنە سەرۆکوەزیرانی ئێران و، ستالین دیکتاتۆری یەکێتیی سۆڤێت مۆرکرا. سوپای رووسیا لە کوردستان چووە دەرەوە و، سوپای ئێرانیش بەپشتیوانیی ئینگلیز و ئەمریکا توانییان کۆماری کوردستان و، ئازەربایجان برووخێنن و، سەرلەنوێ دەسەڵاتی رژێمی پەهلەویی بەسەر ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستاندا دابسەپێننەوە.

لەدوای رووخانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی پێشەوای کورد – قازی محەممەد و، دەیان کەسایەتی و کاربەدەستی کۆمار، ئەوجا سڕینەوەی ئاسەواری کۆمار و هەڵمەتبردن بۆسەر ئازادیخوازان و نیشتمانپەروەرانی کورد دەستیپێکرد. ژمارەیەکی زۆر گیران و خرانە ژێر شکەنجە و دارکارییەوە و، زیندانی هەتاهەتایی، یان کورتخایەنیان بۆ بڕایەوە. بەشێکی دیکەش رایانکرد و بەرەو گەرمێن (باشووری کوردستان) و، بەغدا و شارەکانی عێراق رۆیشتن و، پاش گۆڕینی نێوی خۆیان و پەیداکردنی کار و پیشەی جۆراوجۆرەوە، لەنێو ترس و دڵەراوکە و بێ هیواییدا، ژیانی تازەی پڕلە چەرمەسەرییان دەستپێکرد .

کاتێک حەمەڕەزاشا رۆژهەڵاتی کوردستانی بەتەواوەتیی خستە ژێردەسەڵاتییەوە، زمانی فارسیی کردە زمانی فەرمیی قوتابخانە و دایرە و ناوەندەکانی حکوومەتی و، رێی لە پەروەردە و فێربوونی زمان و وێژە و هونەر و کولتووری کوردی گرت. لە قوتابخانە و خوێندنگەکاندا پەیڤین و نووسین بەزمانی کوردی قەدەخەکران. ئەم سیاسەتە رەگەزپەرستانەیە ساڵ دوای ساڵ بەردەوام و فراوانتر دەبوو. دوای تێپەڕبوونی چەندساڵێک، رێ لەقوتابییەکان گیرا کە تەنانەت لەکاتی پشووی کورت لەحەوشەی قوتابخانەکاندا بە زمانی زگماکیی خۆیان لەگەڵ یەکدیی بدوێن و، لەحەوشەی هەموو قوتابخانەکاندا، تابلۆیەکی گەورەیان هەڵواسی و، لەسەری نووسییان "بە فارسی صحبت کنید". هیچ جۆرە پەرتۆکێکی کوردی لەپەرتۆکفرۆشییەکاندا دەستنەدەکەوت و، نووسین و لەچاپدان و بڵاوکردنەوەشی رێبەند

(ممنوع) کرا. نەک هەر نووسین کتێبی کوردی ڕێبەندکرابوو، بەڵکو نووسینی چەند دێڕێکیش بەزمانی کوردی تاوان بوو، سزاکەشی زیندان وشکەنجە و، حوکمی چەندین ساڵ زیندان و، پەکخستنی کاروژیانی گەلانی ئێران دەزانن. دابینکردنی دیمۆکراسی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ بۆ تێکڕای خەڵکی ئێران، ئامانجی هاوبەشی هەردوو حیزبی توودە و حیزبی دێمۆکرات پێکدەهێنن."....

ئاسایی بوو بەسەر کەسەکەدا. شەوەزەنگ و دیکتاتۆریی شا بەرادەیەک پەرەی سەند، کەس نەیدەوێرا تەنانەت لەنێوماڵی خۆشی بە خراپە نێوی شا بەرێت، چۆنکە دەترسا قسەکەی بەگوێی ساواک بگاتەوە. ساڵ دوای ساڵ هێزوتوانا ودەسەڵات و ناوبانگی شا لەئێران و لەناوچەکە فراوانتر دەبوو، هەر بەو پێیەش دیکتاتۆری و شەوەزەنگی فرەتر باڵی بەسەر کوردستان وئێراندا دەکێشا .

ساڵی ١٩٧١ی زایینی، شا مێژووی ئێرانی لە هەتاوییەوە گۆڕی بۆ شاهەنشاهی و سەرەتای مێژووەکەشی بردەوە بۆ کاتی دەستپێکردنی پاشایەتیی کۆرش دامەزرێنەری حکوومەتی هەخامەنشی و، مێژووی دامەزرانی ئیمپراتۆریی "مادەکان" ی پشتگوێخست، چۆنکە لەرەگەز و بنەچەی کوردن، ئەمەش رادەی بیری رەگەزپەرستانەی حەمەڕەزاشای بەرامبەر بەکورد پێشاندەدا .

سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردووی زایینی، هاوکات بوو لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلوول بەسەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر، لەدژی رژێمی داگیرکەری عێراق. جارێکی دیکە، شەڕوشۆر کەوتەوە کوردستان و، بە هەزاران رۆڵەی کورد، بۆ پارێزگاریکردن لە خاکی نیشتمان، روویان لە چیا و مەڵبەندەکانی کوردستان کرد. سەرهەڵدانی ئەم دۆخە تازەیە، بۆ ئەو بەشە لەئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (رۆژهەڵات)، کە لەعێراق و باشووری کوردستان دەژیان، دەرفەتێکی لەباری هێنایە پێشەوە کە لەدەوری یەکدی کۆببنەوە و، دەستبکەنەوە بەچالاکی و خەباتی سیاسی و حیزبیی. لەشار و گوندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە، کۆمەڵێک کوردی دڵسۆز و خاوەن هەست و بیروباوەڕی نەتەوەیی، پاش ئاگاداربوون لەسەرهەڵدانی شۆرش، بەرەو باشوور رۆیشتن و پێوەندییان بە هاوڕێیان و ناسیاری کۆن و سەرکردەیەتیی حیزبەوە گرت. دەستەی پێشمەرگە رێکخران و بۆ ئەنجامدانی کاری سیاسیی، بە نهێنیی گەڕانەوە رۆژهەڵات و، شانە و رێکخستنی حیزبی لە شار و گوندەکان، بەتایبەتیی لەنێوچە سنوورییەکان سازکران. بەرە بەرە تەقە و لێکدانی پێشمەرگە، لەگەڵ ژاندار و سەربازی رژێم نێوچەکانی گەورک و موکریان و بانە و سەردەشت و شنۆ و سۆماو برادۆست و مەریوان و سەقزی گرتەوە. ئەم جموجوڵە سیاسی و چەکدارییەی کە لەباشووری کوردستان هەڵگیرسابوو، ترسی خستەدڵی داگیرکەرانی کوردستانەوە، چۆنکە دەیانزانی بەردەوامبوونی ئەم کەشەسیاسی و چەکدارییەی کە لەبەشی گەرمێنی کوردستان هەڵگیرساوە، کاریگەریی لەسەر کوردی ئەو بەشانەی دیکەش دادەنێت کە لەبندەستیاندایە. ئەوە بوو داگیرکەرانی کوردستان، بەتایبەتیی رژێمی حەمەڕەزاشا کە لەو سەردەمەدا پتر لە داگیرکەرانی دیکە لەناوچەکە رۆڵی دەگێڕا و، بەژاندارمی ناوچەکە دەناسرا، هەوڵیدەدا، بۆ چەسپاندنی زیاتری دەسەڵات و بەرژەوەندیی خۆی وهاوپەیمانانی لە ناوچەکە.

هەر لەدوای کودەتای عەبدولکەریم قاسم لەعێراق، کە رژێمی پاشایەتیی "فەیسەڵ"ی رووخاندبوو، حەمەڕەزاشا، گرنگیی زۆری بەعێراق دەدا و، دژی قاسم و حکوومەتەکەی بوو، پیلانی دەگێڕا بۆ لەنێوبردنی قاسم و گێڕانەوەی سیستەمی پاشایەتیی بۆعێراق. ئەوەبوو سێ ساڵ بەر لەدەستپێکردنی شۆرشی ئەیلوول، واتە لەساڵی ١٩٥٨ی زایینی، سیخوڕێکی زیرەک و لێهاتووی "ساواک"، (دەزگەی پاراستنی ئەوکاتی ئێران)، کە ناوی عیسا پژمان (٢ *) بوو، لەلایەن شاوە هەموو دەسەڵاتێکی پێدرا، بۆ ئەوەی لەگەڵ کەسایەتییەکانی سیاسیی باشووری کوردستاندا پێوەندیی ببەستێ و، هانیان بدات بۆ دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی لەدژی رژێمی قاسم. عیسا پژمان، هەر لەوساڵەدا توانیبووی خۆی لە مامۆستا برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی نێزیک بکاتەوە و، ساڵی ١٩٦١، کاتێک شەڕ لەنێوان کورد و سوپای عێراق هەڵگیرسا، عیسا پژمان بڕی ٣٠٠٠٠٠ هەزار تمەن و ١٠٠٠٠ چەکی برنەوی پێشکێشی سەرۆک بارزانی و سەرکردەیەتیی شۆرشی ئەیلوول کرد .

شەڕوشۆری گەرم و خوێناویی لەنێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دەستیپێکرد و، ئاگری شەڕ زۆربەی ناوچەکانی گرتەوە. زۆری پێنەچوو رژێمی قاسم رووخا، بەڵام شەڕی نێوان کورد و رژێمەکانی یەک لەدوایەکی عێراق تاکاتی مۆرکردنی رێککەوتننامەی ئۆتۆنۆمی ١٩٧٠ لەنێوان کورد و رژێمی بەعسی عێراق هەر درێژەیکێشا. هاوکات، پێوەندیی نێوان رژێمی شای ئێران و، سەرۆکایەتیی شۆرشی ئەیلوول و، وابەستەیی شۆرشەکە بەئێرانەوە، ساڵ دوای ساڵ پتەوتر دەبوو، زیاتر ریشەی دادەکوتا.

حەمەڕەزاشا، بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، هەوڵی نێزیکبوونەوەی لە سەرکردەیەتیی پارتی دێمۆکرات و، پلانی وابەستەکردنی شۆرشی کوردی دارشت:

١- خۆشکردنی پێوەندیی لەگەڵ سەرکردەیەتیی پارتی و، رازیکردنیان بۆ هاوکاریی توندوتۆڵ و دوولایەنە.

٢- لەنێوبردنی پێشمەرگە و جموجوڵی چەکداریی رۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن سەرکردەیەتیی شۆرشی ئەیلوولەوە.

٣- پشتیوانیی لۆجستیکی و یارمەتیی سەربازی و بەخشینی دراو و پووڵی زۆر بە سەرکردەیەتیی شۆرش، بەمەبەستی گوشارخستنە سەر رژێم و سوپای عێراق و، لاوازکردنی، بەرێگەی جەنگ و پێکدادانی پێشمەرگە، کە لەدوارۆژدا، بتوانێت داخوازیی سنووری و سیاسیی خۆی بەسەر رژێمی عێراقدا بسەپێنێت .

٤- عێراق وەک هاوپەیمانێکی گرنگی بلۆکی یەکێتیی سۆڤێت، لەنێوچەکە لاواز بکات، کە ئەمە بەپلەی یەکەم ویستی ئەمریکاش بوو!

٥- لەنێوبردنی شۆرشی ئەیلوول و، دڵنیابوونی رژێمەکەی خۆی و داگیرکەرانی دیکەی کوردستان، بۆ لەنێوبردنی بیری سەربەخۆیی، بەوتەی داگیرکەران خۆیان، "بیری جیاخوازیی کوردەکان" لەهەموو بەشەکانیدا .

لەگەڵ سەرهەڵدانی ناکۆکیی لەنێوان مەلامستەفا بارزانی و سەرکردەیەتیی پارتیی لە ساڵانی ٦٣ - ٦٤ ی زایینی، بەرە بەرە، ناکۆکیی کەوتە نێوان سەرکردەیەتی و ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و شۆرشگێڕانی رۆژهەڵات بەگشتی، ئەمانیش بوون بەسێ بەشی ناتەبا و ناکۆک و دوژمن بەیەک. بەشێکیان بوون بە لایەنگری بارزانی، بەشێکی دی پشتگیرییان لە "مەکتەب سیاسی"، واتە لەهێلی برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی دەکرد، دەستەیەکی دیکەش ئەندام و لایەنگری حیزبی توودەی ئێران (حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) بوون کە ئاڵقەلەگوێی یەکێتیی سۆڤێت بوو.

لەمانگی سەرماوەزی سالی ١٩٦٤، لە گوندی "سونێ" ی سەر بە نێوچەی "پشتدەر"، کۆنگرەی دووەمی حیزب گیرا. لەو کۆنگرەیەدا، عەبدوڵڵا ئیسحاقی (ئەحمەد تەوفیق) سەرۆکی حیزب بوو، هاوکات، خۆشەویست و جێباوەڕ و متمانەی بارزانی بوو، رێگەینەدا ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزبەکەی خۆی بەشداریی لە کۆنگرەکەدا بکەن، چۆنکە لایەنگری "هێڵی برایم ئەحمەد"، یان لایەنگری حیزبی توودەی ئێران بوون. لەونێوەدا، حیزبی توودەی ئێرانیش کە لەدوای کودەتای دژ بە سەرۆکوەزیرانی ئێران دوکتۆر محەممەد موسەدق لەساڵی ١٩٥٣ی زایینەوە، لەئێران دابڕابوون و، هیچ چەشنە چالاکییەکیان لەنێوخۆی ئێراندا نەمابوو، لەگەڵ بووژانەوەی ژیانی رێکخراوەیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، لەرۆژهەڵاتی ئوروپاوە، کەوتنە پەلوپۆوهاتوچۆکردن بۆ عێراق، بۆ ئەوەی بەرێگەی ئەندامان و لایەنگرانی کوردیان – لەوانە کاک کەریمی حیسامی، کاک حەمەدەمینی سراجی، کاک حەسەن قزڵجی، کاک غەنی بلووریان، کاک عەلی گەلاوێژ و، دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو و .. هتد، حیزبی دێمۆکرات بکەن بەلقی حیزبی توودە لەکوردستان و، جێپێیەک بۆ حیزبەکەیان لەنێو گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا بکەنەوە.

لەمبارەوە، کاک کەریمی حیسامی کە ساڵانێکی زۆر ئەندامی حیزبی توودەی ئێران بوو، لەبەرگی سێیەمی بیرەوەرییەکانیدا پتر رۆناکایی دەخاتە سەر ئەم بابەتە و، دەڵێ:

رۆژی ٥ی فیوریەی ١٩٦٨، دوکتۆر رادمەنش (سەرۆکی حیزبی توودەی ئێران بوو – ن.) هاتە بەغدا و هەر ئەو رۆژە هاتەلای ئێمە واتە ئەو شوێنەی کە برادەرانی حیزبی شیوعی عێراق بۆیان دیاریکردبووین...... رۆژی ٩ی فێوریەی ١٩٦٨، کۆبوونەوەیەکی رەسمی لەنێوان کۆمیتەی شۆرشگێڕی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و رێبەرێتیی حیزبی توودەی ئێران پێکهات. بەشداربووەکان بریتیبوون لە سولەیمانی موعینی، حەمەدەمینی سراجی، دوکتۆر قاسملوو، دوکتۆر رادمەنش و کەریمی حیسامی. لەلایەن حیزبی توودەوە دوکتۆر رادمەنش و دوکتۆر قاسملوو، لەلایەن حیزبی دێمۆکراتیشەوە کاک سلێمان

موعینی و کاک کەریمی حیسامی و کاک حەمەدەمینی سراجی. ... (جگە لە کاک سلێمانی موعینی، ئەوانی دیکە بەڕەسمیی ئەندامی حیزبی توودە بوون – ن.).
دوکتۆر رادمەنش گوتی: " پێم خۆشە ئێوە لەسەر بارودۆخی وڵات و کار و تێکۆشینی خۆتان راپۆرتێک بنووسن و پێشنیازتان دیاریبکەن تا ئێمە تەماشای بکەین و بە پێی ئەوە بتوانین بڕیار بدەین "!
کاک سلێمان گوتی: "ئێمە راپۆرت نانووسین. ئێمە لەلایەن رێکخراوێکی سەربەخۆوە هاتووین لەگەڵ رێبەرێتیی حیزبی توودەی ئێران پێوەندیی بگرین و، باس بکەین. لەو باسکردنەدا ئێوە دۆخەکەتان بۆ رووندەبێتەوە و ئێمەش لە بیروڕای ئێوە تێدەگەین....!". (لەڕووی زمانەوانییەوە هێندێک دەستکاریکراوە ن.) .
پاش چوارڕۆژ باسولێدوانی ورد و بەردەوام، لەسەر چوار بەند و چەندین برگە و تێبینی پێکگەیشتن. بەپێی ئەو رێککەوتنە، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (کۆمیتەی شۆرشگێڕ)، کە لەباڵەکەی سەر بە ئەحمەد تەوفیق جیابببوونەوە و، سەربەخۆ خەباتیاندەکرد، بەتەواوەتیی بوو بەلقی حیزبی توودەی ئێران. لەژێرەوە بۆ رۆنبوونەوەی زیاتر، چەند بەندێکی رێککەوتننامەکە دەخەینەڕوو :

* حیزبی توودەی ئێران، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەڕەسمی دەناسێ، بە مەرجێک حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەژێر رێبەرێتیی مارکسیستەکانی کورددا بێت ."!
*"هەردووک حیزب، بەبێ راوێژ لەگەڵ یەکدی لەسەر کێشەی کورد، لەگەڵ هیچ حیزب و حکوومەتێک پێوەندیی نەگرن ."!
* حیزبی توودەی ئێران و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بەبەشێک لە بزووتنەوەی گەلانی ئێران دادەنێن.....
* حیزبی توودەی ئێران و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، جووڵانەوەی گەلی کورد بەبەشێکی جیانەکراوە لە بزاڤی دێمۆکراتیکی گەلانی ئێران دەزانن. دابینکردنی دێمۆکراسی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ بۆ تێکڕای خەڵکی ئێران، ئامانجی هاوبەشی هەردوو حیزبی توودە و حیزبی دێمۆکرات پێکدەهێنن."....

وەک لێرەدا دەبینین، بابەتێکی گرنگ کە لە رێککەوتنی نێوان کۆمیتەی شۆرشگێڕی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و حیزبی توودەی ئێراندا، بەرچاودەکەوێت، ئەوەیە، ئەو کۆبوونەوە و رێککەوتنە لە کات و سەردەمێکدا ئەنجامدراوە، کە شای ئێران لەوپەڕی دەسەڵاتدابوو. سەرکردەیەتیی حیزبی توودە، لە رۆژهەڵاتی ئۆروپاش لەترسی ساواک خۆیان دەشاردەوە، کەچی سەبارەت بە کێشەی کوردستان تووشی پەژارە و دڵەڕاوکێ هاتوون و، ترسی ئەوەیان لێنیشتووە، پەرەسەندنی بزاڤی رزگاریخوازانەی باشووری کوردستان، کاریگەریی بۆ سەر شۆرشگێڕان و جەماوەری کورد لە رۆژهەڵات دانەنێ و، هەستی هاوخەباتی و هاوچارەنووسیی لەنێوان کوردی رۆژهەڵات و باشووردا پێک نەیەت !لەبەر ئەوە سێ بەندی رێککەوتننامەکە، جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بەشێکە لە بزووتنەوەی سەرتاسەریی گەلانی ئێران!
بەمشێوەیە، تێکڕای ئەندامانی حیزبی دێمۆکرات، لەنێو ئەو سێ هێڵە جیاواز و دژ بەیەکەدا بڵاوبببوونەوە. زۆر مخابن، خۆتێهەڵقورتاندن و خۆتێکەڵکردنی ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (رۆژهەڵات)، بە کێشە و شەڕی سەرکردەیەتیی باشوورەوە کە لەنێو کورددا بە شەڕی (مەلایی و جەلالی) ناسرا، زیانی گیانی و سیاسیی گەورەی لەیەکپارچەی و ژیانی رێکخراوەیی حیزب گەیاند. دووبەرەکیی و ناکۆکیی نێوخۆیی، هەروەها دەستێوەردانی رژێمی حەمەڕەزاشا لەکاروباری شۆرشی ئەیلوول، بەگشتیی بارودۆخێکی گەلەک دژواری بۆ تێکۆشەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان پێکهێنابوو کە لەباشوور دەژیان و، خەباتیاندەکرد. لەساڵی ١٩٦٥ بەملاوە بەرە بەرە راوی پێشمەرگە و ئەندامانی سەرکردەیەتیی حیزب لەلایەن سەرکردەیەتی و فەرماندەکانی شۆرشی ئەیلوولەوە دەستپێکرد.
لەمانگی خەرمانانی ١٩٦٧، عەوڵاغای پشتدەر، ئەندامێکی حیزبی دێمۆکراتی بەنێوی "سوارە سەکری" تەسلیم بە ئێران کردەوە. بەماوەی دووحەفتە دواتر، عەبدولوەهاب ئەترۆشی ئامرهێزی "خەبات"، لە گوندی "تەوێڵە"ی نێوچەی هەورامان، شەش ئەندامی حیزبی دێمۆکراتی تەسلیم بە رژێمی حەمەڕەزاشا کردەوە. یەکێک لە گیراوان بەنێوی میرزا محەممەد، لەبەرامبەر ئەم کردەوە ناکوردانە و نامرۆڤانەیەدا نارەزایەتیی پێشاندەدات، کە لەلایەن عەبدولوەهاب ئەترۆشییەوە دەدرێتە بەر شەق و زللە و، بە قۆناخە تفەنگ سەروچاوی خوێناویدەکا، ئەوجا دەیداتە بەر دەسترێژی گوللە و شەهیدی دەکات. ساڵی ١٩٦٩، حەسۆمیرخان – فەرماندەی هێزی کاوە، لەگەڵ عەبلاغای پشتدەر و، عەلی شەعبان فەرماندەی هێزی "بێتوێن"، لەهێرشێکی هاوبەشیاندا بۆ سەر بنکە و ماڵی پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکرات، هەموویان چەکدەکەن و سەرجەم ٧٦ پارچە چەکیان لێدەستێنن و دەستیشدەگرن بەسەر هەموو کەلوپەل و بەڵگەنامەی حیزبیی، پاشان کۆی بەڵگەنامەکان دەنێرن بۆ دەزگەی پاراستنی ئێران (ساواک). ئەوجا بەدیلگرتنی ژن و منداڵی هێندێک لە پێشمەرگەکانی رۆژهەڵات، وەک ژن و منداڵی سلێمان موعینی لەلایەن حەسۆمیرخان و دەستەودایەرەیەوە، بارودۆخێکی زۆر دژوار و سامناکیان بۆ تێکۆشەرانی رۆژهەڵات لە باشوور پێکهێنابوو، کە ئەوەش بەتەواوەتیی دوور بوو لە فەرهەنگ و داونەرێتی کوردەواری و، بە پێچەوانەی هەموو یاسایەکی مرۆڤی و، پرنسیپێکی نەتەوەییەوە بوو...
مەلا ئاوارە، سمایل شەریفزادە، قادر شەریف و دەیان کەسی دیکە لە کادرە ناسراوولێهاتووەکانی حیزب، لە چەندین بەرەنگاربوونەوەی چەکداریی لەگەڵ هێزەکانی رژێمی شا، شەهیدکران، یان گیران و، لەسێدارەدران. شەهیدکردنی سلێمان موعینی لەلایەن سەرکردەیەتیی شۆرشی ئەیلوول و، تەسلیمکردنەوەی لاشەکەی بەرژێمی ئێران، بێسەروشوێنکردنی سدیق هەنجیری و دوورخستنەوەی ئەحمەد تەوفیق خۆشەویستی بازرانی بۆ "مانی ماسی" لەسەر ویستی رژێمی ئێران و، دواتر هەڵاتن و خۆتەسلیمکردنی بەرژێمی عێراق و، بێسەروشوێنکردنی لەلایەن رژێمی بەعسەوە، بەشیک بوون لەو زنجیرە کردەوە دڵتەزێنانەی کە لەپێناو دەسەلات وبەرژەوەندیی حیزبی و بنەماڵەییدا، پێشکێشی حەمەڕەزاشای دیکتاتۆر و رژێمە داگیرکەرەکەی کران .
ژەنەڕاڵ ئۆوەیسی کە ئەوکات فەرماندەی هێزی ژاندارمی سەرتاسەری ئێران بوو، بەهاوکاریی فەرماندەکانی شۆرشی ئەیلوول و دەزگەی پاراستنی شۆرش، پلانی جێبەجێکردنی لەنێو بردنی پێشمەرگەی رۆژهەڵات و، بنبڕکردنی تۆوی خەباتیان لەو بەشەی کوردستان دەبرد بەڕێوە
دەزگەی ساواک و هێزەکانی رژێم، پاش وەرگرتنەوەی شۆرشگێڕانی رۆژهەڵات، لەرۆژی گوللەبارانکردنیاندا، چەند سەعاتێک زووتر، بەنێو شەقامی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بە ئۆتۆمۆبیل دەگەڕان و، بە بڵندگۆ بانگەوازیاندەکرد و، داوایان لە خەڵک دەکرد، بۆ بینینی دیمەنی گوللەبارانکردنی گوایە "چەتەکان"، بەرەو سەربازگەی شار بڕۆن. بە بیستنی ئەو دەنگوهەرایە، قوتابخانەکان دادەخران و، بە هەزاران قوتابیی تەمەن شەش سال و حەتساڵەوە هەتاکو لاو و، ژنوپیاوی تەمەن حەفتا ساڵ، روویان لە سەربازگە دەکرد. لەپێشدا، لەلایەن فەرماندەی لەشکرەوە پەیامی توند و ئاگرین لەدژی (ئاژاوەچی و بکوژ و چەتەکان!!) و لەنێوبردنیان و، دلێری و گەورەیی سوپا و شای شاکان – حەمەڕەزاشا، دەخوێندرایەوە، ئەوجا کۆمەڵێک چەکداری رژێم، بە ئۆتۆمۆبیلی سەربازیی، پێشمەرگەکانیان یەکەیەکە و دوان دوان دەهێنایە ریزی پێشەوەی ئاپۆرەی خەڵک و، گوللەبارانیاندەکردن. پاشان بۆ ترساندن و تۆقاندنی زیاتری خەڵکی کورد، لاشەی کوژراوەکانیان بە سەر زرێپۆش و، ئۆتۆمۆبیلی سەربازییەوە شۆڕدەکردەوە و، بەنێو شەقام و جادەی شارەکاندا دەیانگێڕان.
بەم شێوەیە رژێمی حەمەڕەزاشا، لە پشت درۆشمی زل و بریقەدار و بێ بناخەی "تاریخ ٢٥٠٠ ساله شاهنشاهی" و "بەسوی تمدن بزرگ"، (بەرەو شارستانێتیی مەزن)، لەسەدەی بیستەم و، لەسەدەی زانست و پێشکەوتندا، بیروباوەڕی رەگەزپەرستانەی پێشانی کۆمەڵی مرۆڤایەتیی دەدا و، بە نواندنی دوژمنایەتی بێسنووری، مێژووی دڕندەیەتیی باوباپیرانی لە سەدەکانی کۆن بەرامبەر بە کورد دەخستەوە ڕوو.
ماویەتی... بەشی دووهەم لە ژمارە داهاتوو

# تەندروستی

## خۆخ و قەیسی سوودی بۆ کێشەی قەڵەوی و نەخۆشیەکانی دڵ و شەکرە هەیە



نوێترین لێکۆڵینەوەی پزیشکی ئاشکرای کردووە ، کە پابەندبوون بە خواردنی میوەی خۆخ و قەیسی ، دەکرێت یارمەتی پاراستنی مرۆڤ بدات لە مەترسی تووشبوون بە قەڵەوی و نەخۆشی جۆری دووەمی شەکرە ، سەرەرای ئەمەش پارێزگاری لە مەترسی تووشبوون بە نەخۆشیەکانی دڵ دەکات .

تیمی توێژەران لە زانکۆی تکساسی ئەمریکی دەڵێن" میوەی خۆخ و قەیسی لە و پێکهاتەیەک و چەکێکی سروشتی پێکهاتوون ، کە کاردەکەن بۆ هاوسەنگکردنی ڕۆڵی خۆراک و پارێزگاری کردن لە کێشەکانی قەڵەوی و زیادبوونی تێکرای هەوکردنەکان ، کە یەکێکە لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی مرۆڤ تووشی نەخۆشیە مەترسیدارەکان دەکات .

بەپێی وتەی زانایان لە سالانی ڕابردوودا قەڵەوی گەورەترین هۆکاری بەرزکردنەوەی کێشەکانی تەندروستی بووە ، وە بەپێی سەرژمێریەک دەرکەوتووە کە زیاتر لە ٣٠% ئەمریکیەکان بەدەست کێشەی قەڵەویەوە دەناڵێنن ، ئەمەش لە سالانی داهاتوودا کێشەیەکی گەورەی تەندروستی بەدوای خۆیەوە دەهێنێت جێی باسە سیستەمی خۆراکی ناتەندروست و کەمی ڕاهێنانی وەرزشی و گرنگیدان بە ژەمە خۆراکە خێرایەکان ، هۆکاری بەرزکردنەوەی حالەتی قەڵەوین .

## خواردنەوەی شیر مەترسی نەخۆشیەکانی دڵ و شەکرە کەم دەکاتەوە



لێکۆڵینەوەیەکی تازەی پزیشکی کە توێژەرانی بەریتانی ئەنجامیان داوە ، ئاشکرای کردووە کە رۆژانە خواردنەوەی نیو لیتر شیر ، دەکرێت پیاو لە مەترسی نەخۆشی شەکرەو نەخۆشیەکانی دڵ بپارێزێت .

تیمی زانستی سەربە زانکۆی کاردیف بۆیلز دەڵێت" خواردنی پێکهاتەکانی شیر ، مرۆڤ لە هەندێ نەخۆشی دەپارێزێت ، لەوانەش نەخۆشیەکانی دڵ و شەکرە.

لێکۆڵینەوەکە کە بۆماوەی ٢٠ ساڵ بەردەوام بوو لەسەر ٢٣٧٥ پیاوی تەمەن نێوان ٤٥ تا ٥٩ ساڵی ئەنجامدراوە ، وە لە کۆتایدا بۆیان دەرکەوت کە خواردنی پێکهاتەکانی شیر ئەم مەترسیە بە رێژەی ٥٠% لەلایەن پیاوان کەمدەکاتەوە .

بەپێی لێکۆڵینەوەکەش ئەو کەسانەی بەدەست ئەم نەخۆشیانەوە دەناڵێنن ، تووشی بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری کلۆگوزو چەوری بەرزی پاڵەپەستۆی خوێن دەبنەوە .

هەروەها توێژەران دەڵێن" ئەو بەشداربووانەی لێکۆڵینەوەکە کە گرنگیان بە خواردنی شیر نەداوە ، ئەوا بە رێژەی 15% تووشی نەخۆشیەکانی دڵ بونەتەوە ، بەلام مەترسی تووشبوون بە نەخۆشی شەکرە بە رێژەی چوارجار زیاتر دەبێتەوە .

## پرتەقاڵ و بروکلی توانای بیرکردنەوە بەهێز دەکەن

لێکۆڵینەوەیەکی پزیشکی دەڵێت" لەگەل پێشکەوتنی تەمەندا ، دەکرێت تێکرای ترشی فۆلیک لەم بارەشەوە بەرەو کەمبوونەوە بچێت ، ئەمەش دەبێتە هۆی گران خەزنکردنی زانیاریەکانی تازە لەگەل پێشکەوتنی تەمەندا ، بۆیە توێژەران بەردەوام ئامۆژگاری بەسالاچوان دەکەن ، بە خواردنی برێکی زۆری میوەو خەزرەوات و ڤیتامینەکان ، بەتایبەت پرتەقاڵ و بروکلی .



بەپێی وتەی زانایان ، ترشی فۆلیک یەکێکە لە باشترین سەرچاوەکانی بەهێزکردنی توانای هزرو بیرکردنەوە ، بەوەی کە یارمەتی سوود وەرگرتن لە مادەی کیمیاوی پێویست بۆ پاراستنی هاوبەش لە نێوان خانەکانی مێشکدا دەدات ، وە بڕی زیادی خرۆکە سپیەکانی خوێن لەناو خوێنبەرەکاندا خێراتر دەکات .

هەروەها نوێترین لێکۆڵینەوەی پزیشکی سویدی ئاشکرای کردووە ، کە ئەو هەرزەکارانەی بە شێوەیەکی بەردەوام گرنگی بە خواردنی ژەمی ترشی فۆلیک دەدەن ،ئەوا لە کاتی خوێندندا نمرەی بەرز بەدەست دێنن .

## شکۆلاتە لە جەڵتەی دڵ دەمانپارێزێت



لێکۆڵینەوەیەکی تازەی ئوسترالی دەریخستووە کە بەکارهێنانی بەردەوامی شکۆتەلا ، دەکرێت یارمەتی پاراستنی مرۆڤ بدات لە دژی تووشبوون بە جەڵتەی دڵ .

توێژەرانی زانکۆی مۆناش لە ملبۆرن کە لێکۆڵینەوەکەیان لەسەر ٢٠١٣ هاولاتی ئوسترالی ئەنجامداوەو دەرئەنجامەکەشی لەسەر گۆڤاری "بریتیش میدیکال جورنال" بلاوکرایەوە ، دەڵێن: سوودە ئاشکرایەکانی شکۆلاتە بۆ بوونی رێژەیەکی بەرزی قاوە لەناویدا دەگەرێتەوە .

بەپێی زانیاری توێژەران رۆژانە بەکارهێنانی سەد گرام لە شکۆلاتەی پێکهاتوو بە رێژەی ٧٠% لەقاوە بە درێژای ١٠ ساڵ ، دەکرێت حالەتی ڕووداوەکانی دڵ بە رێژەی ٧٠% کەم بکاتەوە هەروەها ئیلا زومر بەرپرسی لێکۆڵینەوەکە دەڵێت" دەکرێت شکۆلاتە لەجیاتی حەب یان دەرمان لەلایەن ئەو کەسانەوە بەکاربهێنرێت کە بەشێوەیەکی گەورە تووشی نەخۆشیەکانی دڵ هاتوون .

شکۆلاتە دەولەمەندە بە مادەی "بۆلیفینۆل" کە ئەمەش مادەیەکی سروشتی ئەنتی ئۆکسیدە ، بۆ جەنگ کردن دژی نەخۆشیەکانی دڵ و شێرپەنجەو هەندێ نەخۆشی تری درێژخایەن .

کوردستان تی ڤی

# وتەی زانایان

* شکسبیر دەڵێ : خۆشت بووێم یان رقت لێم بێت هەر دووکیان بۆمن باشتڕینن!!

گەر خۆشت بووێم هەمیشه لەدڵت دەبم
گەر رقت لێم بێت هەمیشه لەخەیاڵت دەبم

* شارلی شاپلین دۆڵێ : گریگترین و گەورەترین شانازی من بەپیکه نین خستنی خەلکی یە لەکاتی گریانیدا

* لۆرد ئافیبۆی دەڵێ : بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتن،سێ شت پێویستە : یەکەم ئیرادە ،دووەم ئیرادە، سێیەم ئیرادە

* ئەسکەندر : کاتیک مردم دەستەکانم لە ناو تابووتەکە بێننە دەرەوە تا خەڵکی بزانێت لە دونیادا هیچم لەگەل خۆم نەبرد

* دیل کارنکی : دەگریام چونکە پێڵاوم نەبوو تا ئەوکاتەی پیاوێکم بینی قاچی نەبوو

* زاندارک. : بە پێیەکانی خۆم ئەوەندە دەرۆم تائەژنۆکانم شل دەبن

* دۆن هارۆلد : هیچ دەرگایەک لە دوای خۆت دامەخە،لەوانەیە لەکاتی ناچاریدا ریگات لەهەمان دەرگاوە دەربچیت

* چارلی چاپلن: حەزئەکەم لە کاتی بارانا پیاسەبکەم، چونکە ئەو کاتانە هیچ کەسێک ناتوانێت فرمێسکەکانم ببینێ

* تۆلستۆی : ئەگەر بە تەواوی لە ماناى ژیان تێ بگەی ، بەختەوەری ژیانت مسۆگەر دەکەیت

* رۆسۆ : فرمێسکی منداڵ پارانەوەیە ، ئەگەر جوابی نەدەیەوە دەبێت بە ئەمر

* شکسپیر : چاوەکان هەرچەندە گەورە بن ناتوانن خۆیان ببینن

* پاوڵە : عەشق تەنها ئەو کاتە دەمرێت کەدەگاتە ئارامی ، عەشقی زیندوو هەمیشە لەململانێدایە

* ڕۆسۆ : لە بەرامبەر هەموو شتێک دەتوانی خۆت ڕابگریت جگە لە چاکە

* ئەفڵاتوون : بۆ ئەوەی گەورە بیت سەرەتا بچووکبە

* جۆرج بێرنارد : زۆر دەمککە فێربووم، کە هەرگیز زۆرانبازی لەکەڵ بەرازدا نەکەم. چونکە هەر تۆ پیس ئەبیت، بیجکە لەوەش، بەراز حەزی لەو کەمەیەیە

* شارلي شابل : یەکەم: هیچ شتێکی هەتاهەتایی لە ژیانمانا بوونی نییە، تەنانەت موشکیلەکانیشمان هەتاهەتایی نین..

* چارلی چاپلن: گەورەترین ڕۆژ کە لە دەستمان ئەچێت، ئەو ڕۆژەیە کە تیایا پێناکەنین..

* ئەفلاتۆن : گەورەترین سەرکەوتن ئەوەیە کە بە سەر خودی خۆتدا زاڵ بیت

ماڵپەری سەربەست

# پەندی پێشینیان



سەرکەوتن لە تەبایی و یەکگرتووی دایە

هەوڵبدە هەموو کاتێ دڵ خۆش و دەم بەپیکەنین بە

هەموو کەس دوژمنەکەی بە شەرخواز دەزانێ

هەموو کەس شایەنی ئەوە نییە کەتۆ فـٺرمێسکی بۆ برژێنی

تەنها کەسانی دز و شەڕانگێز ڕەخنە لە یاسا دەگرن

ڕیوی نابێ لە کاتی دادگایی کردنی مریشک ڕۆڵی دادوەر ببی

ئەقل دەتوانێت پارە دروست بکات بەلام پارە ناتوانێت ئەقل دروست بکات

مرۆڤی کامڵ کەسێکە کە ژیانی خۆی بە دەستەکانی خۆی دروست دەکات

دیکتاتۆڕ بەکەسێک دەڵێن بۆ سێوێک دارێک لە بن و ڕیشەوە دەردێنێ

عاقل ئەوەی کە دەیزانی نایلیت، بەلام ئەوەی کە دەیلێت دەیزانێت

دەتوانی تاوانەکانی سەردەمی لاوی لە روخساری پیریدا ببینی

ئەوەی سەبری هەبێ دەتوانێ هەموو شتێک جێ بە جێ کا



ناخۆشترین رۆژ ئەو رۆژەیە کە خەندەی تێدا نی یە

ژنی خراپ منداڵی رە سە نی لێ ناکە وێتە وە

ئافرەت نمونەیی جوانی و ناسکی یە

نان بۆ نانەوا گۆشت بۆ قەس

مال بۆ خۆی نەبوو میوانیشی هاتە سەر

دێت و دەروات رۆژگار هەر دەمێنێت یادگار

تەمەن میوانی ئازیزمە و خونچەی ژینم ئەپێچێتەوە

ئەوەی دەتگرێنێت دۆستە ، ئەوەی کە پێت پێ ئەکەنێ دوژمنتە

ئەوەی لەگەل میلەتی خۆی باش نابێت میللەتانی تریش باوەڕی پێناکەن

ژیان نرجی نی یە تەنها ئەوکاتە نەبێ کەشتێک هەبێ لە پیناویدا تیبکۆشی

ئە گە ر جوتیار ، جوتیار بێت لە سە ر شاخیش جووت دەکات

تووره بوون رە شە بایە کە چرای بیرکردنە وە دەکوژێنێتە وە

خۆشەویستی میوەی هەموو وەرزێکە و لەبەر دەستی هەموان دایە

ندی و بدی کورێکیان بوو لە جیاتی ناوکی کیریان بڕی

مەستی و ڕاستی

کای کۆن بەبا مەکە

ماڵپەری شارەزۆرپۆست



# منداڵان



## پەنجا بۆچوون بۆچاندانی متمانە بەخۆبوون لەمنداڵەکەتدا ...

فێری بکە چۆن بلێ ( نا ) و لەچ کاتێکدا ڕەدی شت بکاتەوە . فێری بکە و بۆی شرۆڤە بکە چۆن گومان وپرسیارەکانی ناو دەروونی دەربخات و پرسیاری بۆ بکات.

١- پیاهەڵدان بۆمناڵەکەت بکە پێش خەڵکی تر.

٢- بواری مەدە ڕەخنە لەخۆی بگرێت .

٣- سوپاسی بکەلەسەر کارێک کەدەیکات .

٤- وەک مناڵ مامەڵەی لەگەڵ بکە وهاوکاری بکە بامارسەی مناڵی خۆی بکات .

٥- هاوکاری بکە بابتوانێت خۆی بڕیار وەربگرێت.

٦- فێری مەلەکردنی بکە.

٧- لەیەکێک لەبۆنەکانەکاندا وەک میوانێکی گەورە میوانداری بکە .

٨- بۆچوون ورەئی وەربگرە لەکارێکدا یان چەند کارێکدا .

٩- ئەوشتانەی منداڵەکەت کردوویەتی لە
لەگۆشەیەکی ماڵەکەتدا داینێ و ناوی خۆی لێ بنوسە .

١٠- هاوکاری بکە بۆدەسخستنی هاوڕێی باش، چونکە منداڵی ئەمڕۆ نازانن چۆن هاوڕێ بگرن.

١١- وای لێ بکە هەست بەگرنگی و لێهاتووی خۆی بکات .

١٢- جارجار پێکەوە وتووێژ بکەن بنەمای ئیمان بەخوا لەدڵ ودەروونددا بڕۆێنە .

١٣- فێری چۆنیەتی دەربڕینی ڕەئی یەکانی و پێش کەش کردن تێبینی یەکانی بەخەڵکی تر بکە .

١٤- ڕای بێنەلەسەر خوێندنەوەی زانیاریەکان وجێ بەجی َکردنی خاڵە پێویستی یەکانی

١٥- فێری دانانی بنەمای کارو ئەرکەکانی بکات و بەدواداچوونی هەبێت بۆیان .

١٦- سەرەتاکانی ( فریاکەوتنی سەرەتایی ) فێربکە .

١٧- وەلاَمی هەمووپرسیارەکانی بدەرەوە.

١٨- وەفاداربە بەرامبەر ئەوبەڵێنانەی کەپێت داوە .

١٩- فێری بکە چۆن هەندێ خواردنی سادە ئامادە دەکات .

٢٠- گرنگی دوعاو بەرەکەتی عیبادەت لەژیانی مرۆڤدا بۆی ڕوون بکەرەوە .

٢١- فێری بکە چۆن لەگەڵ تیم وهاوڕێ کانیدا کاردەکات .

٢٢- هانی بدە بۆئەوەی بتوانێ پرسیارەکانی ئاراستە بکات .

٢٣- وای لێ بکە هەست بکات کەگرنگە و شوێنی شیاوی خۆی هەیە .

٢٤- هۆکاری وەرگرتنی هەر بڕیارێکتی بۆڕوون بکەرەوە .

٢٥- لەیەکەم ڕۆژەکانی کردنەوەی قوتابخانەدا هاوڕێیەتی وهاوکاری بکە .

٢٦- چیرۆکی ڕۆژانی منداڵی خۆتی بۆ بگێرەرەوە .

٢٧- هەوڵ بدە منداڵەکەت ڕۆڵی مامۆستا ببینێ و تۆش ڕۆڵی قوتابی .

٢٨- منداڵەکەت فێر بکە ئەگەر وون بوو چۆن هەوڵی دۆزینەوەی بدرێت یان خۆی بگەیەنێتە شوێنی مەبەست.

٢٩- فێری بکە چۆن بلێ ( نا ) و لەچ کاتێکدا ڕەدی شت بکاتەوە .

٣٠- فێری بکە چۆن ببەخشێت و بەخشندە بێت .

٣١- ئەوەندە پارەی پێ بدە لەکاتی پێویستدا بەکاری بهێنێت .

٣٢- هانی بدە بۆلەبەر کردنی زیکرو وویردەکان .

٣٣- فێری بکە چۆن پارێزگاری لەخۆی و لاشەی بکات .

٣٤- فێری بکە و بۆی شرۆڤە بکە چۆن گومان وپرسیارەکانی ناو دەروونی دەربخات و پرسیاری بۆ بکات.

٣٥-لەسەرهیچ کارێک هەڕەشەی لێ مەکەو توندوتیژی مەنوێنە بەرامبەری .

٣٦- ئاگاداری لەشتە خراپەکان پێ بدەو پێش وەخت .

٣٧- فێری بکە چۆن ڕووبەرووی کەوتنەکان (الفشل ) دەبێتەوە .

٣٨- فێری بکە چۆن هەندێ پاشەکەوت بکات لەماڵ وپارەکەی .

٣٩- هاوکاری بکە باشتێکی نوێ پێکەوە تاقی بکەنەوە .

٤٠- فێری بکە چۆن کەلوپەلی خۆی ڕێک بخات و هەندێک چاکردنەوەی سەرەتای بۆپێداویستی یەکانی ئەنجام بدات .

٤١- هانی بدە کەهیواو ئاوات وخەونی بەرزی هەبێت .

٤٢- فێری بکە جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێرو مێ وەک یەکێک لەئایەتەکانی قورئان .

٤٣- فێری ئاکارو ڕەوشتە پەسەندو بالاَکانی بکە .

٤٤- فێری بکە بەرپرسیارێتی کارەکانی خۆی لەئەستۆبگرێت .

٤٥- پیاهەڵدانی کاروبەرهەمەکانی بکەوفێری بکە بیان نوسێتەوە .

٤٦- فێری بکە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئاژەڵی ماڵیدا دەکات .

٤٧- داوای لێ بوردنی لی َبکە لەهەرهەڵەیەک کەلەلای تۆوە بێت .

٤٨- ڕۆژێکی بۆدابنێ کەمفاجەئەیەکی تێدابکەیت بۆی وەک ( دیاریەک ، دەعوەتێک بۆنان خواردن لەدەرەوە .........هتد ) .

٤٩- فێری بکە لەسەر خوێندنەوەی قورئان هەموو ڕۆژێک .

٥٠- ئاگاداری بکە کەتۆی خۆشت دەوێت و بەخۆتیەوە بگوشە .

ئەمانە متمانە بەخۆبوون باش دەچێنێ لەدەڵ ودەروونیدا .

ماڵپەری کورد کلیک




## Pushper — ٢٧١٢ کوردی — پووشپەڕ

| شەممە | یەک شەممە | دوو شەممە | سێ شەممە | چوار شەممە | پێنج شەممە | هەینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ١ 21 | ٢ 22 |
| ٣ 23 | ٤ 24 | ٥ 25 | ٦ 26 | ٧ 27 | ٨ 28 | ٩ 29 |
| ١٠ 30 | ١١ Jul 1 | ١٢ 2 | ١٣ 3 | ١٤ 4 | ١٥ 5 | ١٦ 6 |
| ١٧ 7 | ١٨ 8 | ١٩ 9 | ٢٠ 10 | ٢١ 11 | ٢٢ 12 | ٢٣ 13 |
| ٢٤ 14 | ٢٥ 15 | ٢٦ 16 | ٢٧ 17 | ٢٨ 18 | ٢٩ 19 | ٣٠ 20 |
| | | | | | | ڕەحمان نەقشی |

قامیشلو

گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون گۆڤارێکی سەربەخۆیی مانگانەیە، لە ئامادە و بڵاو کردنەوە : ڕەحمان نەقشی
r_ neqsi@yahoo.ca